
بێ بەرامبەر هێڵەکەت
بوو بە نێودەوڵەتی
بۆ یەکەمین جار لە عێراقدا
www.asiacell.com خزمەتگوزاریی بەشداربووان ١١١
ئاسیاسێل

رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 533 یەکشەممە 16/ 8/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.533 Sun 16/ 8/ 2009

پەیمانگای واشنتۆن: دەستووری هەرێم دیکتاتۆرییەتی شاراوە بەرهەمدەهێنێت

شاڵاو فەتاح

پەیمانگای واشنتۆن، بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی نزیک بەپێویستی دەزانێت کە ئەمریکا مامەڵەی وڵاتێکی دیموکراسی لەگەڵ کوردستاندا بکاتو ئیدارەی ئۆباماش لەوە ئاگاداردەکاتەوە کە دەستووری کوردستان «دیکتاتۆرییەتی شاراوە» بەرهەمدەهێنێت.

پەیمانگای واشنتۆن بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی نزیک، لە راپۆرتێکدا کە لە وێبسایتی پەیمانگاکەدا بڵاوکراوەتەوە، باس لە بارودۆخی کوردستان دەکاتو پێشنیاز دەکات کە ئیدارەی ئۆباما سیاسەتی خۆی بگۆڕێت دەربارەی هەرێمی کوردستان.

لەم راپۆرتەدا باس لە دروستبوونی سیستمێکی پەرلەمانی باڵانسکراو لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێتو تێیدا هاتووە، پێویستە لەمەودوا ئەمریکا مامەڵەی وڵاتێکی دیموکراسی لەگەڵ کوردستان بکات، بەڵام لە بەشی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیدا راپۆرتەکە رەخنە لە رەشنووسی دەستووری کوردستان دەگرێت بەوەی دەسەڵاتێکی زۆری بەخشیوەتە سەرۆکی هەرێم.

راپۆرتەکە دەنووسێت، دوو هەوڵ بۆ دەرچوونی دەستووری کوردستان شکستیهێناوە، هەوڵەکەی (٢٤)ی تەمموزیش لە رووی یاساییەوە گومانلێکراوە، چونکە لەکاتی یاسایی‌و ئاسایی کارکردنی پەرلەماندا نەبووە.

دواتر راپۆرتەکە باس لەوە دەکات، کە لیستی گۆڕان بەئاشکرا لەگەڵ بوونی سیستمێکی پەرلەمانیدایە نەک سەرۆکایەتی، ئەگەر پەرلەمانتارەکانی یەکێتی نیشتمانیش پشتگیرییان بکەن، ئەوا بێگومان دەتوانن فشارێک دروستبکەن بۆ هەموارکردنەوەی ئەو دەستوورە، بۆیە راپۆرتەکە پێشنیازی ئەوە بۆ ئیدارەی ئەمریکا دەکات، کە پشتگیریی لە پرۆسەی سیاسیی بکات لە کوردستاندا، بەڵام بەئاگاییەوە چاودێریی ئەم پرۆسەیە بکات.

راپۆرتەکە دەڵێت: دیموکراسی لە کوردستاندا شایانی گرنگیپێدانەو سیستمێکی پەرلەمانیش، دیموکراسییەت لە کوردستان بەرزتردەکاتەوە لە ئاستی هەر وڵاتێکی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام ئەو دەسەڵاتە سەرۆکایەتییەی بەخشراوە بە سەرۆک لە دەستووری کوردستاندا لە دیکتاتۆرییەتێکی شاراوە زیاترە.

داوای لێپێچینەوە لە سەرۆکی حکومەتو جێگری پێشووی‌و پارێزگاری هەولێر دەکرێت

رۆژنامە

کەمپەینی دژ بە تێکدانی شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان، داوای لێپێچینەوە لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتو عومەر فەتاح جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتو نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دەکەن سەبارەت بە تۆمارنەکردنی شاری هەولێر وەک پێگەیەکی مێژوویی لە رێکخراوی یونسکۆ.

وردەکاریی لە ل٣ دایە

کابینەی سێبەر ل٣

زامی ئێزدییەکان ل٢

گۆمەکە دەشڵەقێت

رۆژنامە



کێ سەرزەمینی ئاڵتونە رەشەکە ئازاددەکات فۆتۆ: رۆژنامە

لایەنەکانی تورکمانو عەرەب، هەریەک لە کونسوڵی ئەمریکا لە کەرکوکو لیستی برایەتی‌و پارتی‌و یەکێتی تۆمەتبار دەکەن، کە ئامادەنەبوون هیچ پۆستێکی ئیدارییان بدەنێو ئەندامێکی لیستی برایەتیش کونسوڵی پێشووی ئەمریکا لە شارەکە بە «بێ هەڵوێست» وەسفدەکاتو دەڵێت: «ئەوەندەمان سازش کرد لە مافی خۆمان بۆ عەرەبو تورکمان، لای نەتەوەکەی خۆمان دووچاری تانەلێدان بووین».

عەلی مەهدی، ئەندامی لیستی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەرپرسیاری یەکەم لە ئاڵۆزبوونی کێشەکانی کەرکوکو نەگەیشتن بە چارەسەر، هاوارد کیگنی کونسوڵی پێشووی ئەمریکا بووە، لە کەرکوک بەشێکی دیکەی کەمتەرخەمییەکان دەکەوێتە ئەستۆی پارتی‌و یەکێتی».

محەمەد خەلیل جبوری، سەرۆکی لیستی گردبوونەوەی کۆماریی عەرەبی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «سەرجەم لایەنەکان بەدوای چارەسەری کێشەی کەرکوکدا گەڕاون، بەشێوازێک کە هەموو لایەنەکان پێی رازی بن، تەنیا لایەنێکیش کە بەردەوام رێگربووە لە دۆزینەوەی چارەسەرو پێداگریی کردووە لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی، لیستی برایەتی بووە، کە بە بڕوای من هەر ئەوان بەرپرسیاری یەکەمن».

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هاوارد کیگن پیاوێکی بێ هەڵوێستو تەوافوقییەو نەیویستووە هیچ کەس لە خۆی دڵگران بکات، لایەنی عەرەبی‌و هەندێک لایەنی تورکمانی زۆر توندڕەوبوونو بە هیچ شتێک رازی نەبوون».

وردەکاریی لە ل٥ دایە

کۆمسیۆن ئەو کارمەندانە دەداتە دادگا کە رێگەیان بە ساختەکاریی داوە

سامان بەشارەتی
فەلاح نەجم

بەهۆی رێنەگرتنیان لە ساختەکاریی، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بڕیاری دەرکردنی چەند کارمەندێکی کۆمسیۆنو پێنەدانی مووچەکەیان دەداتو دەیاندات بە دادگا.

لە رۆژی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لە (٢٥)ی تەمموزدا لەلایەن لیستەکانی گۆڕانو خزمەتگوزاریو چاکسازیی چەند سکاڵایەک پێشکەشی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن کرا بەهۆی پابەندنەبوونی کارمەندانی کۆمسیۆن بە یاساو رێنماییەکانی کۆمسیۆنو رێگەنەگرتن لە کاری ساختەکاریی، کۆمسیۆنیش بڕیاریدا بەپێی سکاڵاکان ئەو کارمەندانە سزا بدات.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ئاماژەی بەو سکاڵایانە کردو وتی: «لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەی پەرلەمانی کوردستانو سەرۆکایەتی هەرێم، لەلایەن چەند لیستێکەوە سکاڵایان لەسەر کارمەندانی کۆمسیۆن پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کرد، کە لە چەند وێستگەیەکی دەنگداندا یاسای کۆمسیۆنیان جێبەجێ نەکردووەو رێگەیان خۆشکردووە بۆ دروستکردنی خروقاتو ساختەکاریی».

سەردار عەبدولکەریم وتیشی: «بۆیە کۆمسیۆنیش بڕیاریداوە ئەو کارمەندانەی سزای بدات بە دەرکردنیان لە کۆمسیۆنو پێنەدانی مووچەکەیانو دواتریش رەوانەی دادگایان دەکات».

ئایا دەزانیت؟!

* ئایا دەزانیت کە کۆمپانیای نالیا تا بەرواری ٢٠٠٩/٩/١ شوقەکانی گوندی ئەڵمانی دوو دەدات بە قیستی ٥ ساڵ و بێ هیچ زیادە خستنەسەرێک؟!

* ئایا دەزانیت لەدوای ئەو بەروارەوە فرۆشتنی سەرجەم یەکەکانی گوندی ئەڵمانی دوو دەبێتەوە بە کاش؟!

* ئایا زانیوتە زۆرێک لەو مواسەفاتانەی لە گوندی ئەڵمانی دوودا هەن بۆ یەکەمجارە لە سلێمانیدا بەکاربێن وەک دەبڵ دیواری خشت و سیسمۆ، شوشەی تایبەتی دەبڵ گلاس، سێتی موشتەمەلات بە مارکەی ڤێترا و چەندەها مواسەفاتی تر؟!

* ئەوەش بزانە لە گوندی ئەڵمانی دوودا ڤێلا بە رووبەری (٣٦٠ تا ١٤١٠مەتر) هەیە کە بەرزترین مواسەفاتی جیهانیی لە دروستکردنیدا بەکاردەهێنرێت و مەسبەح و ساونا و شوێنی بلیارد و باخی گەورەی تێدایە.



ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک بەرامبەر گەرەکی تووی مەلیک

بۆ پەیوەندی لە نۆرماڵەوە: ٥٧٠٠ لە مۆبایلەوە: ٠٥٣٥٧٠٠

٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠ – ٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠

www.naliagroup.com

کـــابـیـنـەی سـێـبـەر

عەدنان عوسمان

دەگێڕنەوە لە ساڵانی هەشتاکاندا، لە بەرپرسێکی کورد دەپرسن رای چییە بەرامبەر جەنگی سارد؟ ئەویش دەڵێت من گوێ بە ساردو گەرم نادەم نیو مەتر بەفر کەوتبێت شەڕی خۆم دەکەم! ئەم نوکتەیە هەڵوێستی میدیاو بەرپرسانی حیزبی بەبیرهێنامەوە دوای ئەو باسەی ئێمە لەسەر کابینە، یان حکومەتی سێبەر. لە راستیشدا مرۆڤ نازانێت بەزەیی بە میللەتدا بێتەوە کە ئەم جۆرە سیاسییانە(!) بەڕێوەی دەبەن، یان خەم بۆ عەقڵی سیاسیی نەزۆکو پێکەنینهێنەرەی ئەم بەرپرسانە بخوات، بەڵام بەگشتی مخابن بۆ ئەو هەژارییە ڕۆشنبیرییە زۆرە، ئەو کلۆڵیو بەستەزمانییە، ئەو بێئاگاییە لە تێرمە سیاسییەکانو شێوازەکانی ئیشکردنی دەزگاکانی دەوڵەت.

لێرەدا مەبەستم ئەو بەرپەرچدانەوە عەجیبو غەریبەی میدیای حیزبیو بەرپرسانی حیزبی دەسەڵاتدارە بەرامبەر بەو بۆچوونەی ئێمە؛ ئەوان زۆر ساویلکانە نوسیویانە بە هیچ شێوەیەک رازی نین حکومەتی سێبەر دروستبکرێتو دەبێت وڵات تەنها یەک حکومەت بەڕێوەی ببات!! من هەرچەندە زۆر گوێ بە سومعەتی ئەمانە نادەم، بەڵام هێشتا هیواخوازم ئەمە وەرنەگێڕدرێتە سەر هیچ زمانێک، هەر هیچ نەبێت لەبەر حورمەتی میللەتەکە، نەوەک بوترێت چۆن ڕازین ئەم جاهیلانە بەڕێوەتان ببەن.

هەر خوێنەرێکی ئاسایی ئەگەر سەیرێکی فەرهەنگە سیاسییەکان بکات، یان لە ئینتەرنێت بەدوای حکومەتی سێبەر (حکومة الظل)دا بگەڕێت بەئاسانی ماناو واتای ئەم زاراوەیەی دەستدەکەوێتو تێدەگات لەوەی ئەمە یەکێکە لە کارە ئاساییەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان، بۆ دروستکردن، یان دروستنەکردنی کابینەی سێبەر پێویست بە ئیزنوەرگرتن ناکاتو کەس بۆی نییە بڕیار لەسەر مەسەلەیەکی وابدات، جگە لە حیزبەکە خۆی، چونکە ئەمە حکومەتێکی ڕەمزییە. بوونی کابینەی سێبەریش نەک هەر پشێوی و ئاڵۆزی دروستناکات، بەڵکو ڕێک بە پێچەوانەوە جۆرێکە لە سەقامگیریی لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا (بە دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنەوە)و نیشانەی هەستێکی بااڵی بەرپرسیارێتییەو بوار بۆ ڕەخنەی لابەالو ئاڵۆزییو فەوزای سیاسی ناهێڵێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی لەسەر سیماکانی حکومەتی سێبەر هەندێک قسە بکەینو بەتایبەت لەسەر پێویستبوونی بۆ واقعی ئەمڕۆی کوردستان هەڵوەستەیەک بکەین.

حکومەت یان کابینەی سێبەر:

بەو حکومەتە دەوترێت کە حیزبی ئۆپۆزسیۆن دروستیدەکات، پاش ئەوەی ناتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا ئەو ڕێژەی دەنگە بهێنێت کە حکومەت پێکبهێنێت. دیارە دوای هەڵبژاردنەکان، سەرۆکی وڵات سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆنی نێو پەرلەمان ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، ئەویش واتە سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆن بە گوێرەی ڕێژەی کورسییەکانی لیستەکەی سەربەخۆیانە کابینەی تازە پێکدەهێنێت، یان بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ حیزبەکانی تردا، ئەگەر یەکێک لەو حیزبانەی خاوەنی ڕێژەیەکی زۆری کورسی پەرلەمانییە نەڕواتە ناو ئەو هاوپەیمانێتییەوەو بەشداری حکومەت نەکات، ئەوا لەو حاڵەتەدا دەبێتە فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنو چاودێریی کارەکانی حکومەت دەکات، هەموو دەرفەتێکیش دەقۆزێتەوە بۆ ڕەخنەگرتن لە ئەدای حکومەتەکەو تانەدان لە کارەکانی، کەمیش نین ئەو حاڵەتانەی کە ئۆپۆزسیۆنو دەسەاڵتیش لە کاتێکی هەستیاردا جۆرێک لە هاوکاریو تەبایی کاتی لەنێوانیاندا دروستدەبێت بۆ نموونە لە ئەمریکای پاش ١١ سێپتەمبەر.

کەواتە حیزبی ئۆپۆزسیۆنی سەرەکی لەو ماوەیەدا خۆی ئامادەدەکات قەرەبووی شکستی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا بکاتەوەو سوود لە هەڵو دەرفەتەکان ببینێت بۆ ڕەخنەگرتن لە کارەکانی حکومەتو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ڕێژەیەکی وابهێنێت بتوانێت کابینەی نوێ پێکبهێنێت. لەم حاڵەتەشدا دەسەاڵتی ئەمڕۆ دەبێتە ئۆپۆزسیۆنی سبەیو بە پێچەوانەشەوە.

ئۆپۆزسیۆن بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ویستەی، پێکهێنانی کابینەی سێبەر پێکدەهێنێت، هەم بۆ چاودێری کردنی کابینەی حەقیقیو هەمیش بۆ ئامادەکردنی ستافی داهاتووی دەسەاڵتگرتنە دەست. ئەم کابینەیە کابینەیەکی ڕاستەقینەو خاوەن دەسەاڵت نییە، دەسەاڵت تەنها بەدەست پەرلەمانو حکومەتەوەیە، ئەو ناتوانێت بڕیار دەربکاتو دەستوەربداتە کاروبارەکانی حکومەت، بەڵکو ئەرکی ئەو تەنها چاودێریو تێبینی کردنو ڕەخنەگرتنە، دیارە لە هەندێک وڵاتدا کە ڕێژەیکی بێ سنوور لە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەگیرێت جۆرێک لە عورفی نەنوسراودا هەیە، بۆ بەشداریپێکردنی وەزیرەکانی کابینەی سێبەر لە هەندێک کۆبوونەوەو سەردانی گرنگو هەستیاردا.

وەک باسمکرد خەسڵەتی سەرەکی ئەم کابینەی سێبەرە چاودێری کردنە، ئامادەکردنی پرۆژەو ئەلتەرناتیڤە بۆ کارەکانی حکومەت. حیزبی ئۆپۆزسیۆن بۆ هەر یەکێک لە وەزارەتە فیعلییە گرنگەکانی کابینەی حکومەت کەسێک دادەنێت، وەک وەزیری سێبەر بۆ ئەو وەزارەتە، ئەم کەسە هیچ دەسەاڵتێکی تەنفیزی نییەو ئەندامی حکومەت نییە، ئەو بە تەنها یان بە هۆی ستافێکەوە ڕۆژانە سەرقاڵی چاودێریکردنی کارەکانی ئەو وەزارەتەیە کە ئەمی بۆ دەستنیشان کراوە، قسە لەسەر کارەکانی، بەیاننامەکانی، بڕیارەکارنی ئەو وەزارەتە دەکاتو ئەلتەرناتیڤی حیزبەکەی خۆی پێشان دەدات بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی وڵات بۆ لای سیاسەتەکانی حیزبەکەی. هەروەها سەرقاڵی دانانی پرۆژەو یاسا دەبێت بۆ فراکسیۆنەکەی لە پەرلەماندا و تێبینیو سەرنجەکانی خۆی لەسەر ئەو یاسایانەی لە پەرلەماندا قسەی لەسەر دەکرێت دەخاتە بەردەم فراکسیۆنەکەی.

سودەکانی حکومەتی سێبەر

بە کورتی دەکرێت سوودەکانی بوونی ئەم جۆرە لە حکومەت لە دوو خاڵی سەرەکیدا کۆبکەینەوە:

یەکەم: هاوکارێکی جدیی دەبێت بۆ فراکسیۆنی نێو پەرلەمان بۆ دانانی یاساو بەرهەڵستکاریی یاساو بڕیارەکانی حکومەت، بەمەش ئەو هەڵسوکەوتەی ئۆپۆزسیۆن لە فەوزەویەتو بێبەرنامەیی دەردەچێتو خاوەنی سیستمی کارکردنو بەدیلی مەنتقی دەبێت کە ئەمەش کارئاسانییەکی باش بە کارەکانی ئەو فراکسیۆنە دەدات.

دووەم: خۆئامادەکردنە بۆ گرتنە دەستی دەسەاڵت، ئەمەش لە دوو مەسەلەدا خۆی دەبینێتەوە؛ لەلایەک هەر لە ئێستاوە بیر لە ستافی داهاتوو کراوەتەوە بە بەرنامەو نەخشەی ئامادەکراوەوە، بەمەش هەم پێویست بە پەلەپرۆژیی دوای هەڵبژاردن ناکاتو هەمیش حکومەت خاوەنی نەخشەی ئامادەکراوی خۆی دەبێت. لەلایەکی تریشەوە دەرفەتێکی باش دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی توانای ئەو وەزیرە، واتە لەو ماوەیەدا کارامەیی ئەو کەسە بۆ حیزب دەردەکەوێت کە ئایا لە توانایدا دەبێت ئیدارەی ئەو وەزارەتە بدات، یان پێویستە هەر لەسەرەتاوە حیزب بە دوای کەسێکی شیاوتردا بگەڕێت. بەم شێوەیەش گروپی ئۆپۆزسیۆن کادرێکی ئامادەکراوی خاوەن ئەزموونو بەرنامە دروستدەکاتو جۆرێک لە دڵنیایی بە دەنگدەرانی دەدات. دیارە توانایی و ناوو ناوبانگی ئەو وەزیرە سێبەرانەش ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە زیادبوون، یان لە دەستدانی دەنگەکان لەکاتی هەڵبژاردندا، چونکە کاتێک خەڵکی وڵات پێش هەڵبژاردنەکان دەزانێت فلانە کەس دەبێتە وەزیری ناوخۆ، یان تەندروستی، یان... ئەوە گورو تینێکی باش بە جەماوەرێتی ئەو حیزبە یان گروپە دەدات.

بۆچی نەمە بۆ کوردستان گرنگە؟

ئەگەر وڵاتە دیموکراسییە جیگیرەکان سااڵنێکی دوورو درێژە خاوەنی ئەم شێوازەن لە کاری ئۆپۆزسیۆنکردنداو تائێستاش بە پێویستی بزانن لەسەر ئەم نەریتە دیموکراسیو شارستانییە بەردەوام بن، ئەوا پێمواید بۆ ئەمڕۆی واقعی کوردستان دروستکردنی کابینەی سێبەر بۆ هێزی ئۆپۆزسیۆن زۆر پێویستترو گرنگترە بە تایبەتیش بۆ لیستی گۆڕان.

ئۆپۆزسیۆن لەسەر دەستی لیستی گۆڕان بوو بەحەقیقەتێکی دڵخۆشکەر، بۆ یەکەمجار ئێمە فراکسیۆنی حکومیو فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆنمان دەبێت، هەردووکیشیان لەژێر چەتری یەک باڵەخانەو لە چوارچێوەی یاساو شەرعییەتدا کاردەکەن بۆ بەئەنجامگەیاندنی بەرنامەکانیان، واتە هەموولایەک ململانێیەکی شارستانیو مەدەنی دەکات لەپێناو دەسەاڵتو بردنەپێشەوەی داخوازییەکانی لایەنگرانی.

بە حوکمی تازەیی ئەم تاقیکردنەوەیە لە کوردستاندا، پێویستە لەسەر لیستی گۆڕان کە سەرکردایەتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی نێو کۆمەڵگا دەکات بەردەوام پالنو بەرنامەی خۆی هەبێتو چاودێرێکی جدیی دەسەاڵت بێتو ڕەخنەکانی خۆی لە کاتو ساتی دیاریکراودا لە کارنامەی حکومەت بگرێت.

لیستی گۆڕان لیستێکی ڕیفۆرمخوازی بنیاتنەرەو دەیەوێت کۆمەڵگایەکی بەهێزو خاوەن سیستەمو بنەما دروستبکات، لە ئێستادا کە بەشداریی لە دەسەاڵتدا ناکات پێویستە ئۆپۆزسیۆنێکی کارابێتو بە وردیی چاودێرو ڕەخنەگری دەسەاڵتی فیعلی بێت، بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکە گرنگە تەنها فراکسیۆنی پەرلەمانی بەس نییە، پێویستە شانبەشانی ئەو کوتلەیە، ئێمە کابینەیەکی سێبەر دروستبکەینو بۆ هەر وەزارەتێکی فیعلی، کەسێک یان ستافێک دروستبکەین. لەم حاڵەتەشدا لیستەکەمان ئەوە پیشانی جەماوەری کوردستانو گۆڕانخوازان دەدات کە بەرنامەو پالنی جدیی هەیە بۆ گرتنەدەستی دەسەاڵتو هەر لە ئێستاوە نەخشە بۆ ئەوە دەکێشێتو نەخشەی خۆی ئامادەدەکات بۆ گرتنەبەری گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگادا.

دروستکردنی کابینەی سێبەر لە کوردستاندا ئاماژەیەکی ڕوونیشە بە جدییەتی ئۆپۆزسیۆنبوونو دوورکەوتنەوە لە سات و سەوداو هاوپەیمانی درۆزنانە لەژێر بیانوو ناوی جۆراوجۆردا.

لەم حاڵەتدا یەکێک لە نیشانەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەو خاوەن خەونو ئاوات، خۆئامادەکردنە بۆ گرتنەدەستی دەسەاڵت، دروستکردنی کادیری بە تواناو شارەزاو لێهاتووە بۆ ئەو ئایندە نزیکە، دانانی بەرنامەی تۆکمەیە، بوونی ئەلتەرناتیڤی بەردەوامە بۆ سەرجەم پرۆژەکانی حکومەت، بەشداریکردنی فیعلییە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا، هەستکردنە بە لێپرسراوێتی، دوورکەوتنەوەیە لە پەراوێزبوونو ڕەتکردنەوەی هەوڵی بە پەراوێزخستن.

ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی داراییەوە

لە ژمارە (٥٣٢)ی (ڕۆژنامە)کەتان بەروارى (٢٠٠٩/٨/١٣) بابەتێک بە ناونیشانی (وەزارەتی دارایی پێش هەڵبژاردن بڕیارێکی دەرکرد ئێستا جێبەجێیناکات) بڵاوکراوەتەوە.

بۆ ڕۆژنامەکەتانو ئاگاداری سەرجەم خوێنەرانی بەڕێز ئەم ڕوونکردنەوەیە دەخەینەڕوو.

ئێمە وەک وەزارەتی دارایی بەپێی ڕێنماییەکان سەبارەت بە پێدانی پێشینەی خانووبەرە، پێش هەڵبژاردنو دوای هەڵبژاردنیش بەردەوامین، بەاڵم وەک لە ڕێنماییەکەدا هاتووە پێشینەی خانووبەرە دەدرێتە زەویەکیش (١٠٠) مەتر بێت بە مەرجێک مۆڵەتی بینای لە شارەوانی هەبێت، پێدانی مۆڵەتیش پەیوەندی بە شارەوانییەوە هەیە، هەربۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە پێشینەی خانووبەرە لە وەزارەتی دارایی بە بەردەوامی دەدرێت، بەاڵم کە شارەوانی ڕەزامەندی نەدات لەسەر مۆڵەتدانی هەندێک پارچە زەوی (١٠٠) مەتریی لە چەند گەڕەکێک بەهۆی شێواندنی سیمای گەڕەکەکە، ئەمە پەیوەندیی بە وەزارەتی داراییەوە نییە، بۆیە دەڵێین ئێمە وەک وەزارەتی دارایی سوورین لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی خۆمان پێش هەڵبژاردنو پاش هەڵبژاردنیش.

ڕاگەیاندنی
وەزارەتی دارایی
٢٠٠٩/٨/١٣

لەسەر بە مێژوویی نەناساندنی هەولێر داوادەکرێت لێکۆڵینەوە لە سێ بەرپرسی باڵای هەرێم بکرێت

ستارە عارف

کەمپەینی دژ بە تێکدانی شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان داوای لێپێچینەوە لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتو عومەر فەتاح جێگری سەرۆکی حکومەتو نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر دەکەن سەبارەت بە تۆمارنەکردنی شاری هەولێر وەک پێگەیەکی مێژوویی.

لە بەیاننامەیەکی ڕێکخراوی یونسکۆ، کە کۆپیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، کەمپەینی دژ بەتێکدانی شوێنەوارەکان لەهەرێمی کوردستاندا هاتووە «بەهۆی چاوچنۆکی بەرپرسە سەرمایەدارەکانەوە، شاری هەولێر بە شوێنێکی مێژوویی لە ڕێکخراوی یۆنسکۆ ئەژمارناکرێت» داواشیان کردووە لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ هەریەک لە نێچیرڤان بارزانیو عومەر فەتاح، نەوزاد هادی، بکرێت.

لە بەیاننامەکەدا کە بەناونیشانی «ناپاکییەکی دەسەاڵت کە پێویستی بە هەڵوێستە» کەمپەینی دژ بەتێکدانی شوێنەوارەکان، کە زۆربەی ئەندامەکانی دانیشتووی دەرەوەی هەرێمن ئاماژەی بەهاتنی چەند ئەندامێکیان بۆ کوردستان کردووەو نووسیویانە: «لە نزیکەوە بەدوای زانیاری کۆکردنەوە لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی کوردستان بەتایبەتی لە شاری هەولێردا گەڕاونو کۆمەڵێک زانیاری مەترسیداری دەسەاڵتی کورددییان دەستکەوتووە، کە دەریدەخەن دەسەاڵتی کوردی لەپێناو پرکردنی گیرفانی پۆلێک لە بەرپرسەکان سڵ لە هەنگاوی زیانبەخش بە سەرمایەی کلتووری نەتەوە ناکەنەوە».

ئەو کەمپەینە لە کۆنفرانسی پەرەپێدانی قەاڵ پێکهێنراوە، کە لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/٢) لە شاری هەولێر بە بەشداریی زیاتر لە (٢٠٠) کەسایەتی ئەکادیمی کوردیو عەرەبیو بیانی لە شارەزایانی بواری شوێنەوار ئەنجامدراوەو لەنێویاندا نوێنەرانی ڕێکخراوی یۆنسکۆ، کە سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانن ئامادەبوون. بەپێی بەیاننامەکە یۆنسکۆ داوای لە دەسەاڵتی هەرێم کردووە، کە گرنگی بە چواردەوری قەاڵی هەولێر بە گەڕەکە کۆنەکانیشەوە بداتو پارێزگاری بکرێت، بەاڵم ڕۆژی دواتر پارێزگاری هەولێر (٣٥) خانووی لە گەڕەکی تەعجیل تێکداوەو ئێستاش دەیەوێت دەیان خانووی دیکە لەگەڵ حەمامی (١١ی ئازار) تێکبدات بۆئەوەی بیکاتە پارکی ئۆتۆمبێل.

کەمپەینی دژ بە تێکدانی شوێنەوارەکان لە هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەشداوە کە نوێنەرانی یونسکۆ بە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکەیان ڕاگەیاندووە «یەکێک لەو هۆکارە سەرەکییانەی دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن قەاڵو شاری هەولێر وەک شارێکی کلتووریو مێژوویی لەقەڵەم بدەن، لەبەرئەوەیە کە چواردەوری قەاڵ تا جادەی (٣٠مەتریی) نابێت خانووی بەرزی تێدا بێت، چونکە سیمای قەاڵ دەشارێتەوەو وێنەی چەندین تەاڵری بەرزیان لە چواردەوری قەاڵ نیشانداوە کە بەپێی وتەی نوێنەرانی یۆنسکۆ دژ بە یاساکانی شوێنەوارە».

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا هاتووە تۆمارنەکردنی کۆنترین شاری جیهان «هەولێر» بە شارێکی مێژوویی و کلتووری لای یۆنسکۆو نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەنجامی هەنگاوە زیانبەخشەکانی دەسەاڵتی کوردییە، کە ئامادەن خەسڵەتە شوێنەوارییو مێژووییەکانی شارێکی دێرین دابمالنو هەتکی بکەن، بۆ ئەوان دەرهێنانی شار لە شارو خەڵکەکەی گرنگ نییە، بۆیە بێباکن لەوەی کە یۆنسکۆ وەک یەکێک لە گەنجینە کلتووریەکانی جیهان دایدەنێ یان نا.

لە کۆتایی بەیاننامەکەدا کەمپەینی ناوبراو پێیانوایە ئەو تاوانەی دەسەاڵت ناپاکییە بەرامبەر بە گەاڵو نیشتمانو داوا لە هاوڵاتیان دەکەن، بەدوای ئەو کارە نایاساییانەی دەسەاڵتدا بچنو دژیان بوەستنەوەو هاوکات داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەن لێپێچینەوە لە سەرۆکی حکومەتو عومەر فەتاحی جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتو نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر بکرێت.

نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە لیستی گۆڕان دەکات

سامان بەشارەتی

لە میانی سەردانکردنی بارەگای لیستی گۆڕان لە شاری هەولێر، نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی لە دەرئەنجامەکانی لیستی گۆڕان کردو بەرپرسی کەمپەینی لیستی گۆڕانیش دەڵێت: «لە بەرنامەماندایە ئێمەش سەردانی سەرۆکی حکومەت بکەین».

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لە سەردانێکیدا بۆ بارەگای لیستی گۆڕان لە شاری هەولێر، پیرۆزبایی لە لیستی گۆڕان کرد بەبۆنەی بەدەستهێنانی پلەی دووەم لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووز ئیدانەی هێرشکردنە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕانو کەناڵی KNN یشی کرد لە (٢٦)ی تەممووزداو بە کردەوەیەکی گێرەشێوێنانەی وەسفکردو وتی: «ماوەیەک بەر لە ئێستا کەسانێک بەشێوەیەکی ناشارستانیو دوور لە عادەتو تەقالیدی کوردی هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکانی لیستی گۆڕان، بە تەمابوون هەندێک کاری گێرەشێوێنی بکەن، کە ئەم کارە دووربووە لە سیاسەتی پارتیو حکومەتی هەرێم».

سەبارەت بە بەدەستهێنانی پلەی دووەمی لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەممووز، نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند: «پیرۆزبایی لە لیستی گۆڕان دەکەم بۆ بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانداو هیواداریشین پەیوەندیی گشت پێکهاتەکانی کوردستان پەیوەندییەکی بەهێزو باش بێت بۆ خزمەتکردنی کوردستان».

سەبارەت بەو سەردانەی نێچیرڤان بارزانی بۆ بارەگای لیستی گۆڕان، سەفینی مەلاقەرە بەرپرسی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی لیستی گۆڕان لە شاری هەولێر، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرۆکی حکومەت داوای لێبووردنی لەو کارەی شەوی (٧/٢٦) کرد، کە لەلایەن چەند کەسێکی گێرەشێوێنەوە بەرامبەر بە بارەگاکانی لیستی گۆڕان کرا، وتیشی: «هەست بە شەرمەزاریی دەکەم ئەو کات نەمتوانیوە سەردانتان بکەم، ئەو کردەوەیەشی بە دوور زانی لە کاری پارتیو حکومەتو بە کارێکی عەفەوی لە قەڵەمدا».

سەفینی مەلاقەرە ئاماژەشی بەوەکرد، کە نێچیرڤان بارزانی وتوێەتی، من لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا داوامکرد ئەو کەسانەی ئاژاوە دروستدەکەن سزا بدرێن، بەڵام بەداخەوە نەکرا، ئەگینا ئەو ڕووداوەی (٧/٢٦) دووبارە نەدەبووەوە، ئێستاش هەر بەردەوامین لە سزادانی ئەو کەسانەی کە دەستیان هەبووە لەو شەوەدا.

بەرپرسی کەمپەینی هەڵبژاردنەکانی لیستی گۆڕان لە هەولێر ئاماژەشی بەوەکرد، ئێمەش لە بەرنامەماندایە وەک لیستی گۆڕان سەردانێکی سەرۆکی حکومەت بکەین.

کێشەی (١٠٠)هەزار دەنگدەری کوردی کەرکوک یەکلاییەنەکراوەتەوە

ئارام جەمال

تائێستا کێشەی دەنگدانی نزیکەی (١٠٠هەزار) دەنگدەری ئاوارەی کوردی شاری کەرکوک چارەسەرنەکراوەو بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکەش کۆمسیۆن چاوەڕوانی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات.

لەکۆتایی هەفتەی ڕابردووەوە ئۆفیسی کەرکوکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، وەک تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەستیکردووە بە دابەشکردنی کارتی زانیاریی دەنگدەران لە ڕێگای تیمی گەڕۆکەوە.

لەوبارەیەوە فەرهاد تاڵەبانی، بەرپرسی ئۆفیسی کەرکوکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ڕۆژی چوارشەممەی هەفتەی ڕابردووەوە تیمە گەڕۆکەکانی سەر بە کۆمسیۆن بە هاوکاری تیمی پۆلیس دەستیانکردووە بەدابەشکردنی کارتی زانیاریی دەنگدەران و ڕۆژی (٢٢)ی ئەم مانگەش بنکەکانی تۆمارکردن لە شاری کەرکوک کە ژمارەیان (٤٣) بنکەیەو (٢٥)یان لەناوشاردان، بەڕووی هاوڵاتییاندا دەکرێنەوە».

نزیکەی (١٠٠هەزار) دەنگدەری ئاوارەی کورد کە لەدوای ساڵی (٢٠٠٧)ەوە بەپێی مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراق، کۆبۆنی خۆراکو تۆماری ڕەگەزنامەیان، گەڕاوەتەوە پارێزگای کەرکوک، ناوەکانیان لەتۆماری دەنگدەراندا نییەو بێبەشکراون لە دەنگدان.

لەوبارەیەو فەرهاد تاڵەبانی ڕایگەیاند: «ئەو کێشەیە ئێستا لەلای لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەو تائێستا چارەسەرنەکراوە، هەرکات چارەسەر بکرێت، وەک کۆمسیۆن بەو پێیەی دەزگایەکی جێبەجێکارین، کارە یاساییەکانی بەشداریکردنیان لە پرۆسەی دەنگدان بۆ تەواو دەکەین».

بەرپرسی ئۆفیسی کەرکوکی کۆمسیۆن وتیشی: «ژمارەی دەنگدەرانی سنووری پارێزگای کەرکوک (٧٦٤١٧٩) کەسەو لەکاتی کردنەوەی بنکەکانی تۆمارکردندا چاوەڕواندەکرێت ئەو ژمارەیە زیاد بکات، بەهۆی ئەوەی کەسانێک تۆمارنەکراون یاخود ئەوانەی لەوڵاتانی دەرەوە دەگەڕێنەوە، مەرجیش نییە ئەو کەسەی کارتی زانیاریی دەنگدانی بۆ نەهاتبێتەوە نەتوانێت دەنگبدات، بەپێچەوانەوە ئەو کارتە تەنیا بۆ کارئاسانی هاوڵاتییانە، لەکاتێکدا ئەگەر ناوەکانیان هەڵەی تێدا نەبێت پێویست ناکات سەردانی بنکەکانی تۆمارکردن بکەن».

شەنگال، زامی ئێزدییەکان

ئێزدییەکان سوتماکی سیاسەتی دووفاقیی حکومەتی ناوەندو هەرێمن



دلێر عەبدولخالق

زنجیرەی کارەتوندوتیژییەکان لەدژی هاوڵاتییانی ئێزدی سنووری پارێزگای موسڵ بەردەوامەو ڕۆژنامەنووسێکی ئێزدیش ئاماژە بەوە دەدات «ئێزدییەکان بوونە سوتماکی دووفاقیی سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندو هەرێم».

دووسااڵ لەمەوبەر تەقینەوەیەکی بەهێز کوردانی ئێزدی لە قەزای شەنگال خەڵتانی خوێن کرد، کە جگە لە ڕووخانو خاپورکردنی چەندان خانووی هاوڵاتیان (٢٠٠٠)کۆڕاو و بریندارییشی لێکەوتەوە، ئەمسااڵیش لە سەروبەندی یادکردنەوەی ئەو کارەساتەدا، تەقینەوەیەکی دیکە شەنگالی خۆرئاوای پارێزگای موسڵی لەرزاندو جگە لە تێکدانی سیمای قەزاکە (٥٥) هاوڵاتی دیکەی کوردی ئێزدی کردە قوربانیی.

شەنگال دواییەن ناوچەی سنووری نێوان عێراقو سوریایەو (١٢٠)کم لە پارێزگای موسڵەوە دوورە، لە خۆرئاوای قەزاکەوە دەوڵەتی سوریایەو لە باکووریشەوە بە ڕەبیعەو قەزای زاخۆوە دەبەسترێتەوە، دانیشتووانی شەنگال دابەشبوون بەسەر چەند نەتەوەو پێکهاتەو ئایینێک، کە ژمارەکەی نزیکەی (٥٥٠) هەزار کەسەو زۆرینەیان ئێزدینو ئەوانی دیکەش دابەشبوون بەسەر کوردو عەرەبو ئەرمەنیو تورکمان.

سارێژنەبوونی زامی ئێزدییەکان

لەدوای پڕۆسەی ڕزگاریی عێراقەوە، پارێزگای موسڵ بەشێوەیەکی گشتیو ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگاکە بەشێوەیەکی تایبەتی بووەتە جێگەی ئامانجی کردەوەی تووندوتیژی گروپە چەکدارەکان، ناوچە ئێزدی نشینەکانی وەکو (شەنگالو بەعشیقەو تلکێف)سەرەڕای کەمیی خزمەتگوزاریی و نەبوونی پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، بەر زۆرترین پریشکی ئاگری تەقینەوەکانو گرژییەکانی نێوان پێکهاتەکانی موسڵ کەوتوون، لەو چوارچێوەیەشدا لە (١٤)ی ئابی (٢٠٠٧) لە ئۆردوگاکانی پیران شێخ خدرو عوزێری سەر بەقەزای شەنگال تەقینەوەی چوار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری بۆمبڕێژکراو (٧٠٠) کوژراو و زیاتر لە (١٣٠٠) بریندار لێکەوتەوە، ئەمسااڵیش بۆ یادەوەرییو بەرزڕاگرتنی خوێنی شەهیدانی ئەو کارەساتە، هونەرمەندانی ئێزدی لە ئامادەکاریی بەڕێوەبردنی چەند ڕێوڕەسمو ئاهەنگێکی هونەریی بوون، بە ئامانجی ساڕێژکردنی ئەو زامە ساڕێژنەبووەی کە جەستەی شەکەتی دانیشتووانی شەنگالو ناوچە کوردنشینەکانی تەنیوە، بەڵام بەرلەوەی کاتی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکان دەستپێبکات، ئێوارەی (٢٠٠٩/٨/١٣) دوو هێرشی دیکەی تیرۆریستی کە بکەرەکانیان دووکەسی خۆکوژ بوون سەرەتاییەکانی ژیان، بەر زۆرترین پریشکی ئاگری تەقینەوەکانو گرژییەکانی نێوان پێکهاتەکانی موسڵ کەوتوون، لەو چوارچێوەیەشدا لە (١٤)ی ئابی (٢٠٠٧) لە ئۆردوگاکانی پیران شێخ خدرو عوزێری سەر بەقەزای شەنگال تەقینەوەی چوار ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری بۆمبڕێژکراو (٧٠٠) کوژراو و زیاتر لە (١٣٠٠) بریندار لێکەوتەوە، ئەمسااڵیش بۆ یادەوەرییو بەرزڕاگرتنی خوێنی شەهیدانی ئەو کارەساتە، هونەرمەندانی ئێزدی لە ئامادەکاریی بەڕێوەبردنی چەند ڕێوڕەسمو ئاهەنگێکی هونەریی بوون، بە ئامانجی ساڕێژکردنی ئەو زامە ساڕێژنەبووەی کە جەستەی شەکەتی دانیشتووانی شەنگالو ناوچە کوردنشینەکانی تەنیوە، بەڵام بەرلەوەی کاتی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکان دەستپێبکات، ئێوارەی (٢٠٠٩/٨/١٣) دوو هێرشی دیکەی تیرۆریستی کە بکەرەکانیان دووکەسی خۆکوژ بوون لە چایخانەیەکی ناوچەگەری شەنگالدا، خۆیان تەقاندەوەو بەهۆیەوە (٥٥) هاوڵاتی ئێزدی کوژڕاونو بریندارببوون، بەوەش بریندی ئێزدییەکان قوڵتر کرایەوە.

هۆکارەکانی پشت کردەوە تووندوتیژییەکان

خەیری شەنگالی، نووسەرو ڕۆژنامەنووس کە پێشتر بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ئێزدییەکان بووە لە وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێم، هۆکارەکانی پشت کردەوە تووندوتیژییەکان بۆسەر ئێزدییەکان ڕوونکردەوەو دەڵێت: «ئێزدییەکان کوردی ڕەسەننو لە سەرەتای ڕزگاریی عێراقەوە پشتیوانیو لایەنگریی خۆیان بۆ حکومەتی هەرێمو دەسەڵاتەکەی دەربڕیوە، کێشەی (دوعا)و وروژاندنی لە ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیو پارتی زیاد لە قەبارەی خۆی، ئیسلامییە توندڕەوەکانی هاندا تا فەتوای کوشتنی ئێزدییەکانیان دەرکردو گروپە چەکدارەکانی بەناو دەوڵەتی ئیسلامیی چەندین تەقینەوەیان ئەنجامدا، وەک ئەوەی لەسااڵی (٢٠٠٧) لە شەنگال ڕوویداو سەدان کوژڕاو و بریندارێ لێکەوتەوە».

خەیری شەنگالی لە بەردەوامیی هۆکارەکانی خولقاندنی تووندوتیژیی دژی ئێزدییەکان، ئاماژە بەوە دەکات، پارتی لە ناوچەی میر عوزێر فەرزیکرد بەسەر ئەندامەکانی خۆیدا لەسەر خانووەکانیان ئااڵی کوردستانو پارتی هەڵبدەن، ئەمەش ئیستفزازی برا عەرەبەکانی ئەو ناوچەیە بوو، لەبەرامبەریشدا ڕقی عەرەبەکانی بەرامبەر کوردە ئێزدییەکان زیادکردو کاردانەوەیەکی بێسوودیش بوو. وتیشی: «شەنگال ناوچەیەکی سنووریی و دەشتێکی فراوانی هەیە، بەمەش نە ئاسایشی پارتی، نە هی حکومەتی عێراقی ناتوانن بیپارێزن، چونکە نزیک سوریایەو زۆربەی «تیرۆریستەکان» لە سوریاوە ئاودیو دەکرێن، ئەم حاڵەتەشدا خەڵکی ناوچەکەی زۆر تورە کردووەو بێزارن لەو دۆخەی ناوچەکە تێیکەوتووە».



ئێزدییەکان چاوەڕێی فریادڕەسن

کوردە ئێزدییەکان لە سنووری پارێزگای موسڵو دهۆک دابەشبوون بەسەر چەند قەزایەکدا لەوانە شەنگال، کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی ئێزدین، تلکێف، ناحیەی بەعشیقەی قەزای موسڵ، شێخان، قەزای سمێل، ناحیەی باعەدرێ کە لکێندراوە بە دهۆکەوە.

ئەو ناوچانەی کەتوونەتە سنووری پارێزگای موسڵ بە ناوچە جێناکۆکەکان ناسراون، بەدەست چەند کێشەی وەک نەبوونی ئاسایش،کەمیی خزمەتگوزاریی، بێکاریی، حیزبایەتی تووندو نەبوونی مافی وەک یەک دەنالێنن.

شەنگال لەنێوان بەرداشی بەغداو هەولێردا

بە بڕوای خەیری شەنگالی، دانیشتووانی ئەو ناوچانە کەوتوونەتە نێوان بەرداشی حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەندییەوە، کە لە ئەنجامی گەمەی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتەدا زیانی کەمەرشکێن بەر دانیشتووانی ناوچەکەو ئێزدییەکان کەوتووەو دەڵێت: «سیاسەتی دووفاقیی لەنێوان حکومەتی ناوەندو هەرێمدا پەیڕەودەکرێت، پارتیو یەکێتی دەڵێن سەر بە حکومەتی مەرکەزنو تا مادەی (١٤٠) جێبەجێنەکرێت هیچمان بۆ ناکرێت، حکومەتی مەرکەزیش هیچمان بۆ ناکات، چونکە دەڵێن لایەنگریی دەسەڵاتی هەرێم دەکەن، لەو نێوانەشدا ئێزدییەکان بوونە سوتماکی نێوان ئەو دوو سیاسەتەو خەڵکەکەی دووچاری نەهامەتیو کەمیی خزمەتگوزاریو نەبوونی پرۆژەی ستراتیژییو بێکاریی بوونەتەوە».

نەتەوەکانی کەرکوک ئۆباڵی چارەسەرنەکردنی کێشەکان دەخەنە ئەستۆی یەکتر

ئارام جەمال

دوای دوو ساڵ دەستبەکاربوون وەک کونسوڵی گشتیی ئەمریکا لە شـاری کـەرکـوک و کـارکـردن لەگەڵ نەتەوەو لیستە جیاوازەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکدا، هاوارد کیگن لە وادەی تەواوبوونی کارەکانیدا سـەرجـەم لایەنەکانی ئەنجومەنی کـەرکـوکی وەکیەک تۆمەتبارکرد، بـەوەی نەیانتوانیوە کێشەکانی شارەکە یەکلاییبکەنەوەو وەکیەکیش بەرپرسیاری ئەم دۆخەی ئێستاو چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە ئەستۆیە.

لە بەرامبەردا لایەنەکانی تورکمانو عـەرەب کیگنو لیستی برایەتیو پارتیو یەکێتی تۆمەتباردەکەن کە ئامادەنەبوون هیچ پۆستێکی ئیداریی کە مافی خۆیانبووە، بیاندەنێو ئەندامێکی لیستی برایەتیش کیگن بەبێ هەڵوێست وەسفدەکاتو دەڵێت: «ئەوەندەمان سازش لە مافی خۆمان بـۆ عـەرەبو تـورکـمـان کـرد لای نەتەوەکەی خۆمان دووچـاری تانە لێدان بووین».

عەلی مەهدی ئەندامی لیستی بـەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەرپرسیاری یەکەم لە ئاڵوگۆڕبوونی کێشەکانی کەرکوکو نەگەیشتن بە چـارەسـەر، هـاوارد کیگنی کونسوڵی ئەمریکا بووە، بەوەی بە یەک چاو تەماشای نەتەوەکانی کەرکوکی نەکردووەو وەک پێویست هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی نەداوە».

وتـیـشـی: «بـەشـێـکـی دیـکـەی کەمتەرخەمییەکان دەکەوێتە ئەستۆی پارتیو یەکێتی، چونکە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ئیدارەی کەرکوکدا سەپاندووەو هیچکات ئامادەنەبوون مافی نەتەوەی تورکمان بـدەن لە پۆستە ئیدارییەکانی فەرمانگەکانی شارەکەدا، کاتێکیش مادەی (٢٣) کە باشترین چارەسەربوو بۆ کێشەی کەرکوک لە پەرلەماندا بە رەزامەندی کوردیش دەرکرا، بەڵام ئامادەنەبوون جێبەجێبکەنو بـەردەوام کێشەیان بۆ لیژنەی مادەکە دروستەدکرد، جگە لەوەی ئاڵوگۆڕکردنی کێشەی کـەرکـوک، ئـەوەبـوو لـەلایـەن کوردەکانەوە خرایە خاڵێکی جێگەی ناکۆکیو کێشە لەنێوان حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێم».

لـەبـارەی ئـەوەی ئـەوان وەک تورکمان خۆیان بە بەرپرسیار نازانن لە بەرامبەر کێشەی کەرکوکدا وەک کیگن تۆمەتباریان دەکات، عەلی مەهدی وتی: «ئێمە وەک تورکمان هیچمان بەدەستنەبووە تاوەکو بەرپرسیاری ئاڵوگۆڕکردنی کێشەی کەرکوک بین، بەپێچەوانەوە مافخوراوبووینو داوای مافی خۆمانکردووە».

محەمەد خەلیل جبوری، سەرۆکی لیستی گردبوونەوەی عەرەبی، لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیش ئـۆبـاڵـی کـێـشـەکـان لـە ئەستۆی لیستەکەی لادەباتو لیستی برایەتی بە بەرپرسیاری یەکەم دەزانێت، لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «سـەرجـەم لایـەنـەکـان بـە دوای چارەسەری کێشەی کەرکوکدا گەڕاون بەشێوازێک کە هەموو لایەنەکان پێی رازی بن، تەنیا لایەنێکیش کە بـەردەوام رێگربووە لە دۆزینەوەی چارەسەرو پێداگری کردووە لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی، لیستی برایەتی بـووە، کە بە بـڕوای من هەر ئەوان بەرپرسیاری یەکەمن».

لەبارەی بەرپرسیارێتی لایەنی عەرەبی لە ئاڵوگۆڕبوونی کێشەکانو سووربوونیان لەسەر داواکانیان، سـەرۆکـی لیستی گـردبـوونـەوەی عـەرەبـی دەڵـێـت: «ئێمە هەمیشە بە دوای چـارەسـەری تەوافوقیدا گەڕاوینو ئیدارەو دەسەڵات لای ئێمە نەبووە تاوەکو سازش بۆ لایەنەکانی دیکە نەکەین، بەپێچەوانەوە لیستی برایەتی رۆڵی برا گەورەیان هەبووە کە پێویستە برا گەورە مافی ئەوانی دیکە بدات».

لە بەرامبەردا ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، رەخنە لە هاوارد کیگن، کونسوڵی پێشووی ئەمریکا لە کەرکوک دەگرێتو پێیوایە، پەرۆشی یەکەم بۆ گەڕان بە دوای چارەسەردا لیستی برایەتی بووە نەک ئەوانی دیکە، لەو بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «هاوارد کیگن پیاوێکی بێ هەڵوێستو تەوافوقیەو نایەوێت هیچ کەس لە خۆی دڵگران بکات، ئەگەرنا دەبوو ئەو شایەتی بدایە کەچەندینجار لەگەڵ لیستەکانی دیکەدا رێکەوتننامەمان بە ئامادەبوونی کیگن ئیمزاکردووە، بـەڵام هـەرجـارەو بـە بیانوویەک پاشگەزبوونەتەوە».

وتیشی: «لایەنی عەرەبیو هەندێک لایەنی تورکمانی زۆر تووندڕەوبوونو بە هیچ شتێک رازینەبوون، بۆ نموونە رێـژەی کـورد لە کەرکوک (٥٠٪) زیاتربووە، بەڵام بە رێـژەی (٣٢٪) رازیبووین لە فەرمانبەری گشتییەوە تاوەکو بەڕێوەبەری فەرمانگەکان، بـەڵام ئـەوان رازینـابـنو لـەدژی هەموو شتێکن، نایانەوێت هەڵبژاردن بکرێت، نایانەوێت سەرژمێری بکرێت، دەسـتـبـەرداری سەرۆکی ئەنجومەنو جێگری پارێزگارو زۆر پۆستی دیکە بـووینـو بە هەموو شـێـوازێـک نەرمیمان نـوانـدووە، بەڵام ئەوانن کە رێکەوتننامەکانیان تێکداوەو بەرپرسیاری یەکەمیشن لە ئاڵوگۆڕکردنی کێشەکاندا».

ئەحمەد عەسکەری زیاتر وتی: «ئێمە وەک لیستی برایەتی هەمیشە وابەستەی دەستووروماده یاساییەکان بـووینـن، بـەڵام لایـەنـەکـانـی دیکە بـەردەوام دژایەتی دەستوورو مادە یاساییەکانی تایبەت بە کەرکوکیان کـردووەو زۆرجاریش بەهۆی ئەو تەنازولاتە زۆرانـەی بۆ لایەنەکانی دیکەمان کردووە، لەلای هاوڵاتییانی نەتەوەکەی خۆمان دووچاری رەخنەو تانە لێدان بووینەتەوە».



کەرکوکییەکان، هەمووان تەمەتبارنو هەمووانیش سکاڵاکار

پنتاگۆن نیگەرانی کێشەی نێوان کوردو عەرەبە

جەمال ئیختیار

پنتاگۆن نیگەرانی ناکۆکیی ئەتنییە لە نێوان کوردو عەرەبدا لە عێراق، سەرەڕای ئەوەی کە گفتوگۆی سەرەتایی لەلایەن سەرکردەکانیانەوە ئەنجامدراوە، بەڵام مەترسی تووندوتیژیی هەیە لەسەر نەوتو خاک.

ئاژانسی رۆیتەرز بڵاویکردووەتەوە، پنتاگۆن نیگەرانی ئەوەیە کە ناکۆکی لەنێوان کوردو عەرەبدا لەسەر زەوییو نەوت پەرەبسێنێت بۆ ئاستێکی گەورەتر، لەکاتێکدا کـە شـەڕی نـێـوان لایـەن مەزهەبییەکان، واتـە شیعەو سوننە خاوبووەتەوە، ئێستا گەورەترین نیگەرانی کە دەتوانێت ئاسایشی لەرزۆکی عێراق تێکبدات، مەسەلەی نێوان کوردو عەرەبە کە زیاتر کێشەی خاکو نەوتە.

ئاژانسەکە بـاس لـەوەدەکـات، کە قاعیدە لە ناوچەکانی باکووری عێراق دەیـەوێـت ئـەو هەلە بقۆزێتەوەو ئەو ناکۆکییانە بەهێز بکات، ئەگەرچی چالاکی ئەوان لەناوچەکانی دیکە کەمبووەتەوەو هێرشەکانی ئەمدواییەش ئاماژەی ئەوەن کە گروپەکە دەتوانێت خۆی رێکبخاتەوە.

سکرتێری رۆژنامەوانی پنتاگۆن، جێف موریل ئاماژە بەوەدەکات، کە جێگای خۆشحاڵی ئەمریکا بووە، لەدوای ساڵێک لە ساردیی، لەمدواییەدا سەرۆک وەزیرانی عێراق نوری مالیکی سەردانی هەرێمی کوردستانی کردو هەوڵەکان بە ئاراستەی گفتوگۆو چارەسەردا دەڕۆن.

لەگەڵ ئـەوەشـدا موریل نیگەرانی پـنـتـاگـۆنـی نـەشـاردەوە لـەوەی کەناکۆکییەکانی کوردو عەرەب ببنە هۆی لەبارچوونی سەقامگیریی لەعێراقدا.

چەندین کێشە لە نێوان کوردو عەرەبدا هەنو گرنگترینیان مەسەلەی کەرکوکە، کە یەک لەسەر پێنجی نەوتی عێراق بەرهەمدەهێنێتو ناوچە دابڕاوەکانی دیکە کە پێکهاتەیەکی کـورد، عەرەبو گروپەکانی دیکەیان تێدایە.

موریل رایگەیاند: بوونی رێژەیەکی دیاریکراو لە هێزەکانی ئەمریکا لەهەندێک لەناوچەکانی عێراقدا پێویستەو ئەوان لەو ناوچانە دەمێننەوە تا کێشەکان چارەسەر دەکرێن.

ژەنەراڵ رۆبێرت کاسلێن، فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکوور پێیوایە، بـارودۆخـەکـە مەترسی زۆری هەیە کە عـەرەبو کورد بخاتە ناو شەڕێکی ناوخۆییەوە، بەجۆرێک کە هێزەکانی ئەو دوو لایەنە بخاتە بەرامبەر یەکتر.

لەدوای تەقینەوەو تووندوتیژییەکانی ئەمدواییەی موسڵ، هـەوڵـەکـان بەو ئاراستەیەدان کە ناکۆکییەکان هێور بکرێنەوە، ئەگەرچی بە تێکڕا تووندوتیژی لەوناوچانەدا لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکاندا کەمبووەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاسلێن دەڵێت: «توانای ئەلقاعیدە بۆ هێرشی گەورەتر کە قوربانیی زۆرتر وەربگرێت، زیادیکردووەو دیار نییە کە ئایا هێزەکانی ئاسایشی عێراق دەتوانن بەسەر ئەو مەسەلەیەدا زاڵبن یان نا، ئەمریکاش پێیوایە، کە قاعیدەی عێراق لە موسڵەوە سەرکردایەتی دەکرێت».

بەشی ئینگلیزی رۆژنامەی ئەلزەمانیش بڵاویکردووەتەوە، عەرەبەکانی موسڵ لە هەوڵی پێکهێنانی بەرەیەکدان بە مەبەستی بەشداریی لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقداو مەبەستیشیان ئەوەیە کە کورد زیاتر پەراوێز بخەن.

هاوکات، رۆژنامەی واشنتۆن پۆست باسی لـەوەکـردووە، کـە هەوڵەکان بۆ چـارەسـەری گونجاوی ئاشتییانە بـەردوامـنو گفتوگۆکان دەتـوانـن یارمەتیدەربن لە رەوانـدنـەوەی ئەو ناکۆکییانەی کە مەترسییان لێدەکرێت.

ژمـــارە (533) یەکشەممە 2009/8/16
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

داوای ڕاگرتنی کارەکانی کۆمسیۆن دەکەن

«ئەوەی عەرەبـو تورکمانەکان دەیکەن، پێچەوانەی دەستوورە»

هاوڕێ عەبدوڵڵا


لیستەکانی کەرکوک بەردەوام لەسەر مێزی گفتوگۆ، هەمیشە ناکۆک

عەرەبـو تورکمانەکانی کەرکوک داوای ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە کەرکوکـو (ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکـو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) دەکەن‌و لە دوو بەیاننامەدا داوای ڕاگرتنی کارەکانی کۆمسیۆن لە کەرکوک دەکەن، هاوکات بە بڕوای کوردەکان ئەو هەنگاوە پێچەوانەی بنەما دەستوورییەکان دادەنرێت.

دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانانی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران بەهۆی بوونی ناکۆکی لەسەر پرسی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوکـو شێوازی بازنەیی هەڵبژاردنەکان‌و جۆری لیستەکان (داخراو، کراوە) شکستیهێنا، لە ئەنجامدا لەبری دەرکردنی یاسایەکی نوێ بڕیاردرا، یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی (٢٠٠٥) هەموواربکەنەوەو هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەو یاسایە ئەنجامبدرێت.

لە دوا کۆبوونەوەی وەرزی ڕابردووییدا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری پشووی هاوینەی خۆی ڕاگەیاند، تا ڕۆژی (٧)ی ئەیلوڵو پێویستە دوای ئەو پشووە لە ماوەی (٤٥) ڕۆژداو تا ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/١٥) یاسای هەڵبژاردن هەموواربکاتەوە، تا بەپێی ئەو یاسایە ڕۆژی (٢٠١٠/١/١٦) خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێرێتەوە.

لیستەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ناکۆکن

بەپێی یاسای هەڵبژاردنی گشتیی عێراق، پارێزگای کەرکوک (١٣) کورسی بەردەکەوێت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، تورکمان‌و عەرەبەکانیش چەند مانگێک پێش ئێستا داوایانکرد کورسییەکانی کەرکوک بەمشێوەیە دابەشبکرێت، (٤) کورسی بۆ هەریەکە لە کوردو عەرەبـو تورکمان‌و یەک کورسی بۆ مەسیحییەکانی ئەو شارە، لە ئێستاشدا هەوڵەکانیان خستووەتەگەڕ بۆ بێبەشبوونی پارێزگای کەرکوک لەو هەڵبژاردنەو لە چەند ڕۆژی ڕابردووشدا داوایان لە کۆمسیۆنی بااڵی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کرد، کارەکانی لە کەرکوک ڕابگرێت‌و پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەراندا بکات.

لیستی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ڕۆژی (٨/١٣) ڕاگەیەندراوێکی بااڵوکردەوەو لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە کۆمسیۆنی بااڵ دەکات بەپەلە ئەو ئامادەکارییانە ڕابگرێت کە لە پارێزگای کەرکوک دەستیپێکردووە، هەروەها داوا لە لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکات، هەنگاوی پێویست بگرێتەبەر بۆ دانانی یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک (ئەنجومەنی پارێزگا، ئەنجومەنی نوێنەران).

هاوکات (٨/١٣) لیستی گردبوونەوەی کۆماری لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕەخنە لە کۆمسیۆن دەگرێت‌و گومان لە تۆماری دەنگدەرانی پارێزگای کەرکوک دەکات کە دەستکاریکراوەو پێشیوایە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بایەخی بەو مەسەلەیە نەداوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە «ئێمە کە نوێنەری پێکهاتەی عەرەبی کەرکوکین، پشتبەستن بە تۆماری دەنگدەرانی کەرکوک ڕەتدەکەینەوە، چونکە ئەو تۆمارە وردبینی نەکراوەو گومانمان لێی هەیە، هەروەها داوادەکەین سەرۆکایەتی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لابببرێن».

هەرچەند عەرەبـو تورکمانەکانی کەرکوک داوای ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن دەکەن لە کەرکوک، بەاڵم کوردەکان بەپێچەوانەوە بە پێویستی دەزانن چیتر کەرکوک لە هەڵبژاردن بێبەشنەکرێت.

ئاوات محەمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە لیستی برایەتی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە وەکو لیستی برایەتی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقین کە لە (٢٠١٠/١/١٦)دا ئەنجامبدرێت‌و کەرکوک بێبەشنەکرێت لەو هەڵبژاردنەو نابێت کەرکوک جیابکرێتەوە».

وتیشی: «عەرەبـو تورکمان نایانەوێت هەڵبژاردن لە کەرکوک بکرێت، بەوەش کەرکوک لە سیفەتی عێراقیتی دەردەچێت‌و هیچ بەڵگەیەک نامێنێتەوە بۆ عێراقیبوونی کەرکوک، بۆیە ئەوەی ئەوان دەیکەن تەواو پێچەوانەی بنەما دەستوورییەکانە».

عەرەبـو تورکمانەکان‌و پەکخستنی هەڵبژاردن

بەپێی وتەی بەرپرسانی کۆمسیۆن، پێدەچێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەو وادەیەی کە بۆی دیاریکراوە دوابکەوێت، هاوکات بە بۆچوونی نوێنەرێکی کوردی کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەوڵدانی عەرەبـو تورکمانەکان بۆ ڕێگرتن لە هەڵبژاردن هیوایەکی نەزۆکە بۆ پەکخستنی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا.

خالید شوانی، نوێنەری کەرکوک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی، ڕایگەیاند: «هەڵبژاردن یەکێکە لە گرنگترین بنەماکانی دیموکراسی، ئەوەش بەبێ چەند ڕێوشوێنێکی یاسایی بەڕێوەناچێت، نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەرانیش بۆ دڵنیابوونە لەوەی کە ناوی دەنگدەران لە تۆمارەکە هەیە یان نا،

سازنەکردنی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کەرکوک مانای بێبەشکردنی ئەو شارەیە لە نوێنەرایەتیکردنی لە پەرلەماندا، هەوڵدان بۆ ڕێگرتن لە هەڵبژاردن تەنیا هیوایەکی نەزۆکە بۆ پەکخستنی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا، بۆیە پێویستە کۆمسیۆنی بااڵی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بە بێالیەنی کاربکات».

دواکەوتنی ئامادەکارییەکان بۆ هەڵبژاردن لە کەرکوک

هەفتەی ڕابردوو بنکەکانی تۆماری دەنگدەران لە پارێزگاکانی عێراق کرایەوەو هەروەها کارتی دەنگدان دابەشکرا، بەاڵم ئامادەکارییەکان لە کەرکوک دواکەوتووەو تائێستا بنکەکانی تۆماری دەنگدەران نەکراونەتەوە، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، (٢٠٠٩/٨/١١) کۆمسیۆنی بااڵو لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوەو ڕێکەوتن بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک‌و بە بەشداریکردنی سەرجەم پێکهاتەکانی شارەکە.

هەروەها کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی کۆمسیۆنی بااڵی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: «لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا نزیکەی (٨٠٠) هەزار کەس لە پارێزگای کەرکوک مافی دەنگدانیان دەبێتو بەسەر (٤٣) بنکەی دەنگداندا دابەشدەکرێن‌و پارێزگاری کەرکوکیش بەڵێنیدا ئیدارەی کەرکوک هەموو هەوڵێک دەدات بۆ بێبەشنەبوونی هاوڵاتییانی کەرکوک لە هەڵبژاردندا».

فەرهاد تاڵەبانی، بەڕێوەبەری لقی کەرکوکی کۆمسیۆنی بااڵی هەڵبژاردنەکان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لە ئێستادا چەند تیمێکی گەڕۆکمان پێکهێناوەو فۆرمی زانیاری بەسەر هاوڵاتییاندا دابەشدەکەن، (٢٢)ی ئەم مانگە بنکەکانی تۆماری دەنگدەرانی کەرکوک دەکەینەوە، جگە لەوەش ئامادەکارییمان کردووەو لە ڕووی تەکنیکییەوە هیچ کێشەیەکمان لە کەرکوک نییە».

«پێویستە بەپێی مادەی (٢٣) هەڵبژاردن لە کەرکوک بکرێت»

ئارام جەمال

هەردوو کوتلەی تورکمان‌و عەرەبەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک داوادەکەن لەسەر بنەمای مادەی (٢٣) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەنجامبدرێت‌و وردبینی لە تۆماری دەنگدەران‌و باری کەسێتیدا بکرێت.

حەسەن تۆران، ئەندامی لیستی بەرەی تورکمانی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەکاتێکدا بەپێی مادەی (٢٣)ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تایبەت بەهەڵبژاردن لە کەرکوک، پێوست بوو پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەراندا بکرێت، کە تائێستا نەکراوە، چونکە ئێمە پێمانوایە ئەوانەی کە بەپێی کۆبۆنی خۆراک دەنگدەدەن، بەشێکی زۆریان کەرکوکی نین‌و مافی دەنگدانیان لەکەرکوک نییە».

وتیشی: «ئەو ڕێوشوێنانەی کە ئێستا کۆمسیۆن بۆ ئامادەکاری هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران‌و ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک گرتوونیەتەبەر، نایاسایین‌و پێویستە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەپەلە ئەو ڕێوشوێنانە ڕابگرێت، ئەگەر ئەنجومەنی نوێنەران ئەو کارە نەکات، ئەوا شەرعییەت بەکاری نایاسایی دەدات».

ئەو لیژنەیەی لەنوێنەرانی کوردو عەرەبـو تورکمان‌و مەسیحی بۆ جێبەجێکردنی مادەی (٢٣)پێکهێنرابوو، دەبوو تا کۆتایی مانگی ئازاری ئەمساڵ ڕاپۆرتی کۆتایی خۆیان ئامادە بکەن لەسەر دابەشکردنی دەسەاڵت‌و پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەران‌و ڕەگەزنامەو زیادەڕەوییەکان، بەاڵم بەهۆی پێکنەهاتنی ئەندامانی لیژنە حەوت کەسییەکەوە کارەکانیان شکستیهێنا.

تۆران ڕاشیگەیاند: «وەک کوتلەی تورکمان داوا لە لیژنەی یاسایی‌و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەکەین کە پێداچوونەوە بەتۆماری دەنگدەراندا بکەن‌و یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردن لەکەرکوک دەربکەن».

هاوکات لیستی گردبوونەوەی کۆماریی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەهەمانشێوەو بەبێ جێبەجێکردنی مادەی (٢٣)نایانەوێت هەڵبژاردن لە کەرکوک ئەنجام بدرێت.

شێخ بورهان موزهەر ئەلعاسی، ئەندامی عەرەبی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەگرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی ئێستا لەبەرژەوەندیی لایەنێکەو دژی بەرژەوەندیی لایەنەکانی دیکەیە، چونکە ئێمە گومانمان لە تۆماری دەنگدەران هەیەو دەبێت بەر لە چوونە ناوپرۆسەی هەڵبژاردنەوە لە کەرکوک پێداچوونەوە بەتۆماری دەنگدەراندا بکرێت».

وتیشی: «دەبێت بەپێی مادەی (٢٣)و جێبەجێکردنی برگەو یاساکانی ئەو مادەیە هەڵبژاردن لە کەرکوک ئەنجام بدرێت، ئەگەرنا بەمجۆرەی ئێستا پێشێلکردنی یاسایەو لەلایەن ئێمەوە ئەنجامەکەشی قبووڵناکرێت‌و هەڵبژاردنێکی تەزویر دەبێت».

ئەم لێدوانانەش لە کاتێکاتێکدان کە هەڵبژاردن لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا بەپشتبەستن بە ئامارەکانی وەزارەتی بازرگانییە، کە سەرچاوەکەی کۆبۆنی خۆراکە، چونکە تائێستا هیچ سەرژمێرییەکی ڕاستەقینە لەبەردەستدا نییە تا پشتی پێببەسترێت، کوردیش دەیەوێت هەڵبژاردن لە کەرکوک وەک تەواوی پارێزگاکانی عێراق بەیەک سیستم ئەنجام بدرێت، لە ئێستاشدا بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)و کۆبۆنی خۆراک، کورد ڕێژەی زیاتر لە (٥٠٪)ی دانیشتووانی کەرکوک پێکدەهێنێت‌و لایەنەکانی تورکمان‌و عەرەبیش مەترسیی ئەوەیان هەیە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بکرێتە پێوەر بۆ یەکالییکردنەوەی چارەنووسی کەرکوک.

بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەبوو لەمانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان لە عێراقدا ئەنجامبدرایەو بەپێی ڕاگەیاندنەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراقیش بێت، بەهۆی بوونی چەندین گرفت لەبەردەمیاندا، ناتوانن لەکاتی دیاریکراودا سەرژمێریی گشتیی ئەنجامبدەن.

نەخشە ڕێگای ئۆجەلان، دەرگای گفتوگۆی پەکەکەو ئەکەپە دەکاتەوە

ئارام شێخ وەسانی
سەرکەوت لەتیف

چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا زۆرینەی ڕاگەیاندنەکانی تورکیاو بەشێکی جیهانیشی سەرقاڵکردووە، لێدوانە یەک لەدوایەکەکانی هەریەک لەسەرۆک وەزیران و سەرۆکی کۆمار گرنگییەکی زۆریان بەهەنگاوەکانی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەخشیوە، لەم نێوەندەدا چەندین لێدوانی جیاواز هاتوونەتە ناو باسەکەوە، یەکێک لە بابەتە گرنگەکانیش باسکردنی نەخشە ڕێگای ئۆجەلانە.

عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری مەعنەویی پەکەکە لە زیندانی ئیمراڵییەوە نەخشەی ڕێگای ئامادەکردووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەگەرچی تائێستا تورکیا بەفەرمیی هەنگاوی نە ناوە بۆ ئەوەی ئەو نەخشە ڕێگایەی کە ئۆجەلان داینناوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بەهەندوەربگرێت، بەڵام پارێزەرانی ئۆجەلان بە میدیاکانیان ڕاگەیاندووە، نەخشەکە گرنگیی خۆی هەیەو دەکرێت تورکیا پشت بەچارەسەرەکانی ئەو نەخشە ڕێگایە ببەستێت.

سەبارەت بە پرۆژەکەی ئۆجەلان ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز نووسیویەتی، «نەخشە ڕێگای ئۆجەلان تێڕوانینێکی جیاوازی دروستکردووە لای پارتی دادو گەشەپێدان، ئەو کۆبوونەوانەی لەم دواییەدا لە نێوان بەرپرسانی دەتەپەو ئەکەپەدا ئەنجامدراون ڕێگاخۆشکەرێکی باش بوون بۆ بەهەند وەرگرتنی ئەو نەخشە ڕێگایە.

لەکۆبوونەوەی بەشیر ئاتەڵای وەزیری ناوخۆی تورکیا، لەگەڵ بەرپرسانی دەتەپەدا بەتایبەت ئەحمەد تورکو ڕوڵی ئەو حیزبەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەمەڕ پرسی کورد، بابەتی نەخشەڕێگای ئۆجەلانیش بە وردیی باسکراوە، بەرپرسانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات ئاماژە بەوەدەدەن، «ناکرێت ڕێگاچارەی کۆتایی بۆ کێشەی پرسی کورد بدۆزرێتەوە بەبێ ئەوەی پرسی چەکدارانی پەکەکەو کێشەی زیندانیکردنی ئۆجەلان چارەسەربکرێت».

مومتەزار تورکۆنی ڕۆژنامەنووس لە سایتی تودەی زەمان، سەبارەت بە پرۆژەکەی ئۆجەلان بڕوای وایە، کە بە گرنگ وەرگرتنی نەخشەڕێگای ئۆجەلان بریتییە لە دەسپێشخەرییەکی گەورەی دیموکراسی لە تورکیا.

مومتەزار دەنووسێت «نەخشەڕێگاکە بە پلە کارەکانی دەستپێدەکات، سەرەتا دەبێت هەموومان ڕازی بین بەوەی کە چارەسەرمان دەوێت، یان بڵێین هەموومان پابەندی ئەو نەخشەیەین ئینجا برۆینە سەر ڕێگاکە، بەڵام لێرەدا چەندین پرسیار دێنە پێشەوە، ئایا ئەو ئامانجانە وەک خۆیان لەلایەن تورکیاوە وەردەگیرێن؟ لێرەدا پێویستە بە شێوەیەکی بابەتییانە ئەو پرۆژەیەی ئۆجەلان شیبکرێتەوە، ئۆجەلان پیاوێکە لەو ماوەدرێژەی کە لە زیندانداو بووە توانیویەتی لە ڕێگای بیرکردنەوە یەک لەدوایەکەکانیو بینینی توندوتیژییو خوێنڕشتنی چەندین ساڵەوە ئەو پرۆژەیە بخاتە ڕوو».

بورهان کایا، پەرلەمانتاری پارتی دادو گەشەپێدان سەبارەت بە نەخشە ڕێگایە.

«گرنگی ئەم نەخشە ڕێگایە لەوەدایە کە لەلایەن ئۆجەلانەوە ئامادەکراوە، لە نێوان ئۆجەلانو دەتەپەشدا کۆدەنگییەکی سیاسیی هەیە، بەو هۆیەوە هەریەکە لە دەتەپەو پەکەکە کۆدەکرێنەوە لە پەیامێکدا بەرامبەر بە تورکیا، هەروەها گرنگیی ئەو پرۆژەیە زیاتر بۆ هاتنەناو پرۆسەی گفتوگۆی پەکەکەیە لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا».

هێمن میرانی، مامۆستای زانکۆو شارەزا لە کاروباری تورکیا باسی لە گرنگیی ئەو نەخشە ڕێگایەی ئۆجەلان کرد بۆ ڕۆژنامە و وتی: «ئەم پرۆژەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە هاوکات پەکەپەش پرۆژەیەکی هەیە بۆ چارەسەری کێشەی کورد، دەکرێت بە هەردوو پرۆژەکە چارەسەرێکی گونجاو بۆ کێشەکە دروست بکرێت».

حکومەتی تورکیا دوای ئەوەی لەسەرەتادا ئامادە نەبوو بەفەرمیی لەگەڵ بەرپرسانی دەتەپەدا کۆببێتەوە تەنیا بە هۆکاری ئەوەی دەتەپە پەکەکەی وەک تیرۆریست نەناساندووە، بەو هۆیەشەوە ماوەیەکی درێژ ئەو هاوکێشەیە مایەوە، بەڵام دوای کۆبوونەوەی نێوان ئەحمەد تورکو ئەردۆغان ئەو تەلیسمە شکا.

سەبارەت بەم بابەتە هێمن میرانی دەڵێت: «لە ئێستادا تورکیا بەفەرمیی هەڵسوکەت لەگەڵ دەتەپەدا دەکات، لەهەمانکاتدا پەکەکە ڕازییە کە دەتەپە نوێنەرایەتی بکات لە گفتوگۆکاندا، واتا پەکەکە هاتووەتە ناو گفتوگۆوە، ئەمەش گرنگییەکی زۆری هەیە، پێشبینی دەکەم پرۆژەکە شتی خەیاڵی تێدا نەبێتو شتەکان پراکتیکی بن، لە ڕێگای ئەو پرۆژەیەشەوە دەرگایەکی فەرمیی گفتوگۆ لەنێوان پەکەکەو تورکیا لە ڕێگای دەتەپەوە بکاتەوە».


ئۆجەلان لە دروشمەوە بۆ پرۆژە

ژەنەرالەکان داوای دادگاییکردنی موسەوی دەکەن

جەمال ئیختیار

فەرماندە سەربازییەکانی سوپای پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامیی، مەلا بەناوبانگەکانو سیاسەتمەدارانی ناسراو داوای دادگاییکردنی سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنو میر حسێن موسەوی کاندیدی ڕیفۆرمخوازی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، دەکەن.

تەلەفزیۆنی (سی ئین ئین) بڵاویکردووەتەوە، بەرپرسێکی پایەبەرزی سەربازیی لە گاردی پاسەوانانی شۆڕشی ئیسلامیی، داوایکردووە، سەرۆکەکانی ئۆپۆزسیۆنو میر حسێن موسەوی کاندیدی ڕیفۆرمخوازی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران، دادگایی بکرێن، بە تاوانی ئەوەی کە لە دوو مانگ لەمەوبەرو دوای هەڵبژاردنە گوماناوییەکەی ئەو وڵاتە، بارودۆخی ئێرانیان ئاڵۆزکردووەو مەترسییان بۆ سەر نەتەوە دروستکردووە.

ژەنەراڵ یەحیا جەوانی کە بەرپرسی ئیدارەی سیاسیی سوپای پاسدارانی (پاسەوانانی) شۆڕشی ئیسلامییە، داوایکردووە، میرحوسێن موسەوی، مەهدی کەروبی، محەمەد خاتەمی سەرۆکی پێشووترو کەسە دیارەکانی دیکە لەناو بەرەی ڕیفۆرمخوازیی ئێراندا دادگاییبکرێن، لەبەرئەوەی هەوڵیانداوە شۆڕشێک ڕێبەرایەتی بکەن کە لەلایەن ڕۆژئاواوە پاڵپشتیکراوەو مەبەستیان ڕووخاندنی ڕژێم بووە.

جەوانی دەڵێت: «ئەگەر ئەو کەسانە لەپشت ئەو شۆڕشە سەرنەکەوتووەن، پێویستە دادگا بە دوایاندا بڕوات، دەستگیریان بکاتو لێکۆڵنەوەیان لەگەڵدا بکاتو ئەگەر پێویست بێت سزایان بدات».



کاری سیاسی لە موسەوی قەدەغەدەکرێت؟

سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران دامەزراوەو مەبەستی سەرەکی ئەوەیزە کە ڕاستەوخۆ لە ژێر فەرمانی ڕێبەری باڵا عەلی خامنەییدایە، بەهێزکردنو پاراستنی بەها (ئایینیەکەی) کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

پێشتر تەلەفزیۆنی (پرێس تی ڤی) کە بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە پەخشدەکرێت، باڵاوێکردبووەوە کە یاسادانەرانی ئەنجومەنی شوورای ئیسلامیی (پەرلەمانی ئێران)، خەریکی ئامادەکردنی سکاڵایەکن بۆ پێشکەشکردنی بەلیژنەی ئاسایشی نەتەوەیی پەرلەمان، بۆ ئەوەی موسەوی بە تاوانی تێکدانی کەشی دوای هەڵبژاردنەکان بدرێتە دادگا.

تائێستا حکومەتی ئێران تەنیا بەدوای خۆپێشاندەراندا چووەو دادگای بەکۆمەڵی بۆ بەرپاکردوون، ئەو هەنگاوەش بە تۆندی لەلایەن کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە ئیدانەکراوە، لەناو ئەو کەسانەدا کە دادگاییکراون، دوو کەس لە ستافی هەریەک لە باڵیۆزخانەکانی فەرەنسا بەریتانیاو هاوڵاتییەکی فەرەنسی هەنو دادگاییکردنی ئەوان بووەتە هۆی تووڕەکردنی یەکێتی ئەورووپا.

حکومەتی ئێران ڕایگەیاندووە، زۆر لە دادگاییکراوەکان ئیعترافیانکردووە کە بە هاندانی وڵاتانی دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکاو بەریتانیا ئەو کارەیانکردووەو لەبەرامبەردا موسەوی و خاتەمییش دەڵێن، ئەو دانپێدانانانە بە زۆر لە زیندانیکراوەکان وەرگیراوەو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤیش ڕەخنەیان لەدادگا بە کۆمەڵەکان گرتووەو ئیدانەیانکردووە.

ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەنووسێت، ڕێبەری باڵا پێشتر نەک تەنیا پاڵپشتیو داکۆکی لە ئەحمەدی نەژاد کردبوو، بەڵکو ڕایگەیاندبوو کە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبێت بەرپرسیارێتیی نائارامییەکانی ئێران لە ئەستۆ بگرنو ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ڕێبەری باڵا لە پشت ڕووداوەکانەوەیە.

هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا بەڕێوەچوو و دواتر حکومەتی ئەحمەدی نەژاد بەوە تۆمەتبارکرا کە لەپێناو دووبارە هەڵبژاردنەوەی نەژادا ساختەیەکی زۆری کردووەو لەئاکامدا هەزاران خۆپێشاندەر ڕژانە سەر شەقامەکانو زۆر کەسایەتی دیار، وەک هاشمی ڕەفسەنجانی کە وەکو کەسی دووەمی کۆماری ئیسلامیی دەناسرێت، محەمەد خاتەمیو کاندیدەکانی ئۆپۆزسیۆن وەک موسەویو کەروبی پاڵپشتی داواکاریی خۆپێشاندەرانیان کرد، تا ئەو ڕادەیەی کە موسەوی لە دوای کۆژرانی دەیان کەسو برینداربوونی سەدان کەسی دیکە ڕایگەیاند، ئەویش ئامادەیە لەگەڵ خۆپێشاندەراندا شەهید ببێت.

لە دوای ملمڵانێیەکی ناسەرکەوتووی ڕیفۆرمیستەکان لەگەڵ نەژاددا کە لە لایەن ڕێبەری باڵاوە پشتیوانیو داکۆکی لێدەکرێت، نەژاد هەفتەی ڕابردوو وەکو سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئێران سوێندی یاسایی خوارد.

سەرۆکی پێشووتر، محەمەد خاتەمی پێشنیازیکردووە، ڕیفراندۆم لەسەر شەرعیەتی حکومەتی ئێستای ئەحمەدی نەژاد ئەنجام بدرێت، تا خەڵکی ئێران مەسەلەکە یەکلایی بکەنەوە.

دەنگدانەوەی میدیایی

یەکگرتنی دەعوەو ئیئتیلافی شیعە، عێراق بەفعلی دابەشدەکات

شالاو فەتاح

ئایا مالیکی دەچێتەپاڵ کوتلەی ئیئتیلافی شیعە، یان هاوپەیمانێتییەکی بنکەفراوان پێکدەهێنێت؟ زۆرێک لە میدیاکانی جیهان بەدوای ئەم پرسیارەدا دەچنو تائێستاش وەلامێکی ئەوتۆ بوونی نییە، هێندە هەیە هەم میدیاو هەم پسپۆڕانی بواری سیاسەتو سیاسییەکان خۆشیان بوونی هاوپەیمانێتییەکی بنکەفراوان بە «بەردی بناغە» بۆ مێژووی عێراق دەبینن‌و هاوپەیمانێتییەکە لەچەند رووبەکەوە بە «ئیجابی» دەبینن، بەوپێیەی «یارمەتیدەر دەبێت بۆ هێمنکردنەوەو یەکگرتنەوەی سایکۆلۆژیای دابەشبووی عێراق».

THE WALL STREET JOURNAL

رۆژنامەی وۆل ستریت جۆرنالْ لە راپۆرتێکدا دووداڵی‌و یەکلایی نەبوونەوەی کوتلە عێراقییەکان لەسەر پێکهێنانی هاوپەیمانی بە ئاراستەی تائیفی یاخود نیشتمانی بلاوەکاتەوە، رۆژنامەکە دەنووسێت: سیاسەتمەدارە عێراقییەکان دووداڵن لە چۆنێتی پێکهێنانی هاوپەیمانی بۆ هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی سالْی داهاتوو. هێشتاش خۆیان یەکلایی نەکردووەتەوە لەوەی کە ئایا دەنگ بەدەستبێنن بەهۆی تۆخکردنەوەی جیاوازی مەزهەبییەوە وەک پێشتر کردیان، یاخود هاوپەیمانێتییەکان سنووری ئیتنی‌و نەتەوەیی تێبپەڕێنێت.

دواتر راپۆرتەکە رای چەند بەرپرسێکی عێراقی وەردەگرێت، لەوانە مۆفەق روبەیعی، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دەڵێت، «ئێستا هەڵێکمان لەبەردەستدایە بۆ تێپەڕاندنی جیاوازیی ئیتنی‌و ئایینی لە سیاسەتماندا» روبەیعی پێیوایە، کە ئەگەر لەم هەڵبژاردنەدا هەمان سیاسەتی دابەشبوونی تائیفی پەیرەوبکرێت، ئەوا «دابەشبوون لەم وڵاتەدا دەبێتە ئەمری واقیع».

ئوسامە نوجەیفی، پەرلەمانتاری عێراقی لەسەر لیستی عێراقیەی سوننە مەزهەب، پێیوایە؛ خەڵکی عێراق جیاوازی تائیفی بەباش نازانن‌و لەبارەی دەنگۆی یەکگرتنی چەند کوتلەیەکی کوردی‌و سوننی‌و شیعییەوە دەڵێت، هەڵبژاردنە هەرێمییەکەی پێشوو ئەوەی دەرخست کە خەڵک پشتگیریی لە جیاوازیی تائیفی ناکات.

رۆژنامەکە باس لە ترسی هەڵکشانی ئاستی دابەشبوونی تائیفی دەکات بەهۆی ناکۆکییەکانەوەو تەقینەوەکانی ئەم دواییەش بە ئاماژەی ئەو دابەشبوونە دادەنێت‌و هەر بەو هۆیەشەوە بڕێک لە شیعەکان هانی یەکگرتنەوەی گروپە شیعییەکان‌و پێکهێنانی کوتلەی شیعە دەدەن.

لەمبارەیەوە ئەحمەد چەلەبی، پەرلەمانتاری شیعەی عێراق وتی «لە عێراقدا سیاسەتی دابەشبوونی تائیفی بەکاردەخوات». گەورەترین پرسیاریش ئەوەیە کە ئایا حیزبی دەعوە پەیوەندی بە هاوپەیمانیی شیعەوە دەکات یان نا، چونکە ئەگەر یەکبگرێت ئەوا دووبارە کار بە سیستمی دابەشبوونی تائیفی دەکرێت‌و دەنگی شەقامی عێراقی‌و نەتەوە جیاوازەکان لەدەستدەدات‌و گەر هاوپەیمانی لەگەڵ شیعەکان پێک نەهێنێت ئەوا ئەو دەنگانە لەدەستدەدات کە هێناویانەتە ئەو شوێنە، بەڵام کەسانی نزیک لە مالیکی دەڵێن: هێشتا مالیکی دووداڵە لە هەڵبژاردنی ئەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ شیعەکان پێکبهێنێت یاخود هاوپەیمانێتییەکی هەمەڕەنگ پێکبهێنێت، ئەمەش لەبەرئەوەی نایەوێت هیچ لایەک لەخۆی بڕەنجێنێت‌و دەنگەکان لەدەستبدات.



ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس لە راپۆرتێکدا باس لەوەدەکات ئەگەری زۆر هەیە دەربارەی جیابوونەوەی مالیکی‌و لیستی ئیئتیلافی شیعە.

لەم راپۆرتەدا (ئەی.ئێف.پی) دەربارەی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەڵێت، چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت مالیکی لە هاوپەیمانێتی شیعەکان جیابێتەوەو کوتلەیەکی بنکەفراوان دروستبکات. دواتر راپۆرتەکە بۆچوونی عەلی موسەوی راوێژکاری نوری مالیکی، لەبارەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەوە لەگەڵ لیستی ئیئتیلافی شیعە وەردەگرێت‌و دەڵێت: باوەڕناکەم بەهیچ جۆرێک مالیکی لەگەڵ ئەو کوتلەیە هاوپەیمانی بکات، چونکە ئەو هاوپەیمانێتییەکی نیشتمانیی راستەقینەی دەوێت، نیشتمانی هەم لە بەرنامەو هەم لە پێکهاتەدا، بەڵام هێشتا ئیئتیلافی شیعە هیچ گرەنتییەکی پێشکەش بە مالیکی نەکردووە. لیستی ئیئتیلافی شیعە کە لە چەند گروپێکی شیعە پێکدێت رایگەیاند: تا (٢٤)ی ئاب هاوپەیمانێتییەکان راناگەیەنن.

دواتر راپۆرتەکە باس لە هۆکارەکانی یەکنەگرتنەوەی مالیکی‌و ئیئتیلافی شیعە دەکات کە بریتین لە رازی نەبوونیان بەبوونە هێزی دووەمو رازی نەبوون لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران، چونکە لیستی ئیئتیلافی شیعە دەیەوێت (٢٥٪)ی کورسییەکان بۆخۆی بێت‌و(٢٥٪) بۆ کوتلەی سەدر. لەهەمانکاتدا هاوپەیمانیی لیستی ئیئتیلافی شیعە حیزبی دەعوە بە «لەخۆبایی بوو» لەقەڵەمدەدات. سایتی بوراسا کە سایتێکی نزیک لە لیستی ئیئتیلافی شیعەیە، دەڵێت، «بەعسییەکان ئیش بۆ لێکجیاکردنەوەی دەعوەو هاوپەیمانیی لیستی ئیئتیلافی شیعە دەکەن».



ئاژانسی هەواڵی ئیمارات لە راپۆرتێکدا باس لە ئیجابیاتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی بنکەفراوان دەکات لەلایەن نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە، لەو رووەوە دەنووسێت: ئێستا مالیکی بیر لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی بنکە فراوان دەکاتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی سالْی داهاتوو. بۆ ئەمەش تەنیا پێویستی بە شیعەکان نییە، بەڵکو پێویستی بە زۆرێک لە گروپە سوننییەکان هەیە، ئەمەش هارمۆنییەتێک لە سیاسەتی عێراقدا دروستدەکات کە ماوەیەکی درێژە لەرووی سایکۆلۆژییەوە دابەشبووە. دواتر ئاژانسەکە دەنووسێت، لە زەمەنی دوای داگیرکردنی عێراقدا، شیعەکان زۆرینەبوون‌و هەر بەم هۆیەشەوە بوونەتە ئامانجی تەقینەوەو توندوتیژییەکانی ئەلقاعیدەو گروپە توندڕەوەکانی دیکەی ناو عێراق. دواتر ئاژانسەکە دەنووسێت، ئەوەی کە ئێستا پێویستە مالیکی بیکات، کەمکردنەوەی سکالای سوننەو کوردەکانەو بەشداریی پێکردنیانە لە دەسەڵاتدا.

دواتر ئاژانسەکە باس لەچەند خاڵێکی دیکەی پۆزەتیڤی بوونی هاوپەیمانێتییەکی بنکەفراوان دەکات‌و دەنووسێت، ئەجێندایەکی مالیکی بۆ هاوپەیمانیکردن لەگەڵ کوردو سوننەدا زۆر باشە، چونکە لە کاریگەریی زۆری ئێران رزگاری دەبێت‌و هەر هاوپەیمانێتییەکی لەوجۆرەش دەبێتە بەردی بناغەی مێژووی عێراق، ئامانجی مالیکیش هەرچەندە سیاسییە، بەڵام بە دەستکەوتێکی نیشتمانی دەژمێردرێت بۆی. ئەوەی مالیکی لەئێستادا پێویستییەتی تەنیا بیرکردنەوەی ژیرانەیەو هیچی تر.



نوری مالیکی کێشەکان بەرەوکوێ دەبات؟

داوا لە ئۆباما دەکرێت فشار بخاتە سەر مالیکی

ناموْ عەبدوڵلا

سەرۆتاری رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی رۆژی (١٣)ی ئاب رەخنە لە سیاسەتی مالیکی دەگرێت، کە جیاکاریی بەرامبەر سوننییەکانی عێراق دەکات‌و دەڵێت: «ئەگەر دەتانەوێت ئاشتی‌و سەقامگیری بالْ بەسەر عێراقدا بکێشێت‌و وڵاتە سوننییەکانی دراوسێ قبوڵی بکەن، ئەوا پێویستە نوری مالیکی، سەرۆک وەزیران، هەوڵێکی زۆر زیاتر بدات بۆ رازیکردنی عەرەبە سوننییەکانی عێراق، تا ئەوانیش بتوانن بە ئاشتی لە عێراقی نوێدا بژین».

رۆژنامەکە دەنووسێت: «بەداخەوە مالیکی لە رووی سیاسییەوە پێیوایە لە قازانجی ئەوە تا ئاموژگارییە باشەکانی کریستۆفەر هیلْ، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، ژەنەرالْ رەی ئۆدیرنۆ، فەرماندەی سەربازەکان، پشتگوێبخات، مالیکی پێویستی بەوە هەیە ئۆباما ئاگاداری بکاتەوە کە یارییەکی مەترسیدارەدەکات».

لە بەشێکی دیکەی سەرۆتارەکەی تایمزدا هاتووە: «سوننییەکان هێشتا بە گومانن لەوەی کە ئەوان پشکێکی یەکسان لە سامانی وڵاتیان پێدەدرێت یان خزمەتگوزاریی سەرەتاییو ئاسایشی پێویستییان بۆ دابیندەکرێت».

رۆژنامەکە هۆشداری دەداتە مالیکی، کە پێویستە بەپەلە بڕیاربدات کە ئایا سەرکردەیەکی نیشتمانییە یان بەردەوام دەبێت لە زیادکردنی ئاگری تایفی. دەبێت ئەم مەسەلانەی خوارەوە چارەسەربکات، هێشتا یاسایەک نییە کە دیاریبکات نەوتی عێراق بە یەکسانی بەسەر شیعەو سوننییەکان (کە ناوچەکانیان کەمترین نەوتی تێدایە)و کوردداد ابەشبکات، وادیارە کەس لە عێراقدا تائێستا دەبێت فەرمان بەسەر تەواوی دامەزراوەکانی حکومەتدا بکات، کە کۆتایی بەم مامەڵەیە بهێنن کە جیاکاری دەکات، زۆرێک لەو (١٠٠) هەزار ئەندامەی ئەنجومەنەکانی سەحوەی سوننی کە کاتی خۆی گروپێکی یاخیبوون بڕیاریاندا بە هەوڵو یارمەتی ئەمریکا وازبێنن بێنە ناوەوە، هێشتا ئەو پارەو کارەیان وەرنەگرتووە کە بەڵێنیان پێدرابوو، کە لە هێزەکانی ئاسایش یان ئاژانسە مەدەنییەکانی دیکەدا دادەمەزرێنرێن، رازیبوونی ئەندامانی سەحوە بووەهۆی ئەوەی شەڕێکی ناوخۆیی کە تازە سەریهەڵدابوو کۆتایی واشنتۆن رەزامەندیی بۆ ئەم دواخستنە دەربڕیوە. ئەمە کارێکی مەترسیدارە. واشنتۆن پێوستە فشار بخاتەسەر مالیکی‌و پەرلەمان تا کارەکانیان لەمەڕ ئەم یاسایە تەواوبکەن، یاسایەک هەیە بۆ ئەوەی ئەندامانی پێشووی حیزبی بەعس کارەکانیان‌و مووچەکانیان پێبدرێتەوە کە دوای داگیرکردنی عێراق لە دەستیاندا، بەڵام ئەم یاسایە هێشتا نەخراوەتە جێبەجێکردنەوە، ئەمە کاریگەریی دەکاتە سەر چینی کارکەری سوننی، لەکاتێکدا لە سەردەمی بەعسدا، ئەندامبوون لە حیزبی بەعس مەرجێک بوو بۆ ئەوەی کاری باشت پێبدرێت مالیکی وەکو گەورەترین پێبێت. جێبەجێنەکردنی ئەم بەڵینانە رەنگە بیێتەوە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی دیکە.

سەرکردە سیاسییەکانی سوننەکان وادیارە کاریگەریی‌و نوێنەرایەتییان نەماوە، تەنانەت بە پێوەرە عێراقیەکانیش، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ بایکۆتی یەکەم هەڵبژاردنی عێراق دەگەڕێتەوە لەلایەن سوننییەکانەوە. واشنتۆن تاکە پاڵپشتی سەرەکیی سوننییەکان بووە، پێویستە ئەو کاریگەرییە بەکاربهێنێت تا بیێتەهۆی بەرەوپێشچوونی نەوەیەکی نوێی سیاسی کە چارەسەری گرفتەکانی ئێستا بکەن لە جیاتی ئەوەی پەنا ببەنەوە بەر شەڕ.

ـــــا بەهێزترینە

ـــــەوتوویی لەقەیرانەکە دێتە دەرەوە؟



باجی فرۆشراوە نیشتمانییەکان، کە باجی فرۆشتنی بەنزین لە وێستگەکانیشدا دەگرێتەوە، (بەشێوەیەک رەچاوی ئەوانە بکرێت کە داهاتیان نزمە، بۆ سوککردنی خەرجیی رۆژانە لەسەر شانی هەژاران)، لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی فەلسەفەی خۆی سەبارەت بە بیمەی کۆمەلایەتی بگۆڕێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی شیاوی وەرگرتنیەتی، هەروەها دیاریکردنی (سوودە تەندروستییەکانی پیریی) ئەمە لەوانەیە پێویستی بە بەرزکردنەوەی ئەوتەمەنە بێت کە تیایدا پیرەکان مافی ئەوەیان هەیە سوود لە بیمەی کۆمەلایەتی (سۆشیال)وەربگرن، هەروەها کەمکردنەوەی ئەو بەرژەوەندییانە بۆ ئەو کەسانەی خاوەنی داهاتی بەرزترن.

ئەمانە کۆمەڵە هەنگاوێکن بە کەمترین مەزەندە هەنگاوی قورسن، لە رووی سیاسیشەوە پرگرفتو ئاڵۆزن، بەڵام ئەگەر واشنتۆن ئەم هەنگاوانە نەگرێتەبەر، ئەوا پێمویە بازارەکان بەتایبەت ئەوانەی خاوەنی (بەڵگەنامە) سەنەداتی خەزانەی ئەمریکین لەناوەو دەرەوە، بەشێوەیەکی سەختتر ویلایەتە یەکگرتووەکان ناچاردەکەن ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجامبدات لە ڕێگەی داواکاری بۆ زیادکردنی گەورە لە ڕێژەی سوودو دابەزاندنێکی گەورەش لە نرخی دۆلاردا.

بارودۆخەکە بەهەمان شێوەی ئەوە دەبێت کە لە (١٩٨٧) رووید کاتێک بازارەکانی ئەمریکا هارەیانکرد لەگەڵ زیادبوونی کورتهێنانی بودجەو بازرگانی، لەڕۆژی دوای دارمانەکە (١٩)ی ئۆکتۆبەر، کۆنگرێس هەستا بە دانانی کۆتوبەندی گەورە لەسەر بودجە، بەڵام ئەمڕۆ کورتهێنانەکە گەورەترە، قەرزی حکومیی یەکسانە بە (٦٨٪)ی نرخی ئابووری، بە بەراورد لەگەڵ (١٩٨٧)، کە (٥٠٪) بووە.

لە رووی سیاسییەوە لەسەر ئیدارەی ئۆباما پێویستە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بەردەوامبێت لە وتوێژکردن لەگەڵ تەواوی ولاتانی جیهان سەبارەت بە دوارۆژی ئابووریی جیهان، چونکە لە رووی ئابووریەوە ئەوە رووی نییە چی دێتەدی لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی ولاتانی پیشەسازیی حەوتو کۆمەڵەی بیستو کۆبوونەوەکانی نێوان ویلایەتەیەکگرتووەکانو چین.

بەڵام بۆئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بتوانێت رۆڵی سەرکردایەتیکردن ببینێت پێویستە لایەنێکی دیکە هەبێت شوێنی کەوێت، بۆئەوەی ئەوەش رووبدات، پێویستە لەسەر حکومەتی ئەمریکا بەباشی گوێبگرێت لەوانی دیکە، ڕەهەندی سیاسییانەی هەماهەنگی ئابووری زۆر جیاواز نییە لەوەی کە لەناوخۆدا رووەدات، چونکە ئەوانەی بەشداریی دەکەن پێیانخۆشە هەست بەوە بکەن کە گوێ لە مەترسییەکانیان دەگیرێتو تێگەیشتن هەیە لێیان، لەوانەیە ئیدارەکەی ئۆباما ناچاربێت تیمی کارکردنەکەی فراوانتر بکات تا ئەوەندەی بتوانێت زۆربەی کەسە بەتواناکان لەخۆی بگرێت، لەوانەیە ئەمانە لەو سەرۆک کارە وریاو لێهاتووانەبن کە چانسی نوێنەرایەتیکردنێکی تەواوەتییان هەیە لە لوتکەی ئیدارەکەدا، ناکرێت وەزیرێکی وەک گایتنر، بە تەنیا ئەم هەموو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرێت، هەروەک پێویستە لەسەر ئیدارەکە بەئاگابێت لەوەی نەگەڕێتەوە بۆ سەر خووی وتاردانو ئاموژگاریکردنێکی ملهوڕانە کە هەندێک لە ئیدارەکانی پێشووتر جێبەجێیان دەکرد، جا چ دیموکراتییەکان بن یاخود کۆماریەکان.

وتەی‌کۆتایی

لەکۆتاییدا دەڵێین هێشتا پێویستە دیزاینی سیستمی دارایی داهاتووی جیهان بکرێت، چونکە هەرچەندە تائێستا دوو کۆبوونەوەی کۆمەڵەی ولاتانی بیست ئەنجامدراوە، لەگەڵ دوو کۆبوونەوەی ولاتانی هەشت، لەگەڵ چەندین لێکۆڵینەوەو توێژینەوە کە ڕێککخراوە نێودەوڵەتییەکان پێیهەستاون لە هەردوو کەرتی گشتیو تایبەتدا، هێشتا بابەتە گرنگەکان لەسەر مێزی لێکۆڵینەوەن، لەوانە نەبوونی پەیوەندی لەنێوان بازاڕی جیهانیو داموەدەزگاو ڕێکخراوەنیشتمانییە جیاوازەکان، هەورەها ئەو لاوازییەی لە هەماهەنگیی نێودەوڵەتیدا هەیە، لە راستیشدا فشارەنەتەوەییەکان لەوانەیە لە سەختترینی کاتەکاندا زیاد بکەن.

کۆمەڵێک لەو بابەتانەی هێشتا مشتومڕیان لەسەرە

کێ بەڕپرسە لەڕێکخستنی داموەدەزگا دارایی جیهانییە گەورەکان کە کاریگەرییان هەیە لەسەر زۆرێک لەوڵاتان؟ کێ بەرپرسە لە بەڕێوەبردنو دووبارە بونیادنانەوەیان؟ چۆن دەتوانێت سەرپەرشتیی وردەکاریەی دارایی ئاڵۆزەکان بکرێت؟ ئەو سەرمایەیە کامەیە کە پێویستە داموەدەزگاکان هەیانبێت وەک گرەنتیەک لە دژی ئەو زیانانەی لە ئابووریەکی جیهانی تێکچوودا لێیان دەکەوێتو چۆن دەتوانرێت بۆ هەستان بەم کارە ئامادەبکرێت؟ کێ کاروباری ژمارەیەکی زۆر لەداموەدەزگای جیهانیی دیکە لەژێر زەبری قەرزدا دەنالێنن، خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنن.

*** مامۆستای بازرگانیی نێودەوڵەتیو کاروباری داراییە لە کۆلیژی بەڕێوەبردنی کار لە زانکۆی (بیل)، هەروەها جێگری وەزیری بازرگانی بووە لە ئیدارەی کلینتۆنو بەڕێوەبەر بووە بۆ کۆمەڵەی ئەبلاکستۆن.**

لە عەرەبییەوە: عەبدوڵلا ڕێشاوی

(لاواز)ڕێکدەخات. وەک سندوقی نێودەوڵەتیدراو (چەند بانکێکی دیکەش)؟ بینینی ڕۆڵێکی سەرکردانە لەلایەن تیمەکەی ئۆباماوە لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتگەلێکی لەمشێوەیە، دەبێتە گرەنتیەکی گەورە بۆ مانەوەو بەردەوامی سەرمایەداریی بە تایپی ئەمریکی بۆ ماوەیەکی درێژتر، دوای ئەوەی کە ماوەیەک لەمەوپێش کە زۆر دوورنییە، وادانرا کە لە گیانەلادایە!

خاڵی بنەڕەت

خاڵی بنەڕەتی ئەوەیە کە ئەمریکا دەتوانێت سەرکردایەتی هەستانەوەی جیهان بکات لەسەرئاستی سیاسیی، بێئەوەی بەرپرسیاری تەواوی بکەوێتە ئەستۆ، بۆ بەردەوامبوونیش لەسەر ئەمە پێویستە لەسەر ئەمریکا چەندین بڕیاری سەخت بدات لەناوخۆداو لە رووی دبلۆماسیشەوە زیاتر بکرێتەوە، بەشێوەیەک پیشتر و لە هیچ ئیدارەیەکی دیکەدا نەبووبێت، پێویستە لەسەر ویلایەتەیەکگرتووەکانو ولاتانی دیکە، کە تا ماوەی چەندین ساڵی

ژمـــارە (533) یەکشەممە 2009/8/16
aburi.rozhnama@gmail.com
رۆژنامە

ئەمریکا، هێشتـــــ

بـــۆچی ویلایەتـــەیەکگرتووەکان بە سەرکـــــ

جیفری ئایە غارتن*



***لە رووی سیاسییەوە لەسەر ئیدارەی ئۆباما پێویستە بەشێوەیەکی بەرفراوانتر بەردەوامبێت لە وتوێژکردن لەگەڵ تەواوی وڵاتانی جیهان سەبارەت بە دواڕۆژی ئابووریی جیهانی**

ئەگەر بە ساردیو بەکەمییش بێت هەستانەوە دەستپێکردووە، لەوانەیە هێشتا هەستیشمان پێنەکردبێت، بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانو زۆر جێگای ئەورووپا لەوشوێنانە هێشتا بازرگانی شتێک لە چەقبەستنی پێوەماوە، چالاکیی دەستبەسەراگرتنی ڕەهنە عەقارییەکان لەزیادبووندایەو ڕێژەی بێکارییش هێشتا بەرزە، بەڵام سندوقی نێودەوڵەتی دراو، ڕێکخراوی هاریکاریو گەشەپێدانی ئابووری، کە ئەم دوو دەزگایە لە سااڵی ڕابردوودا خۆپاڕێزبوون، لە پێشبینییەکانیاندا ڕایانگەیاند «باشبوونێک لە ئاراداید، ئەگەرچی بچوکیش بێت.» سندوقەکە پێشبینییەکانی خۆی سەبارەت بە گەشەسەندن بۆ سااڵی داهاتوو بە ڕێژەی (٢٪) بەرزکردەوە، لە مانگی نیسانیشدا ئەو پێشبینییانەی بۆ (٢,٥٪)بەرزکردەوە، هەروەها ڕێکخراوی هاریکاریو گەشەپێدانی ئابووری بۆ یەکەمجار پێشبینی خۆی بەرزکردەوە سەبارەت بە گەشەی وڵاتانی دەوڵەمەند لەوەتەی قەیرانەکە دەستپێکردووە.

مەترسییە تونەکانی دارمانی سیستەمی دارایی جیهانیش کەمبوونەتەوە، لەگەڵ بەردەوامبوونی فشارەگەرمەکانیش، بەڵام دڵەڕاوکێ لە ناوەندە حکومییەکاندا کەمبووەتەوە سەبارەت بە دووچاربوونی جیهان بەکارەساتێکی وەک ئەوەی لە سییەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕوویدا.

لەگەڵ ئەوەیبەشێوەیەکی ئاسایی چاکبوونەوە خێراتر لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا ڕووەدات لەچاو وڵاتانی دیکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمجارە مەرج نییە هێندە گەورە بێت کە بتوانێت مۆتیڤی هەستانەوەی جیهانیی بێت، وەک چۆن لە چەقبەستنەکانی پێشوودا وابووە، ئەو وڵاتەش کە دەتوانێت ئەو مۆتیڤە بێت تەنیا وڵاتی چینە کە گەشەسەندن تیایدا نزیکەی(٧٪)ە.

ڕاستی ئەوەیە بارودۆخی ئابووریی ئەمریکا هێشتا ناجێگیرە، ئەگەرچی لەهەندێک لە بانکەکاندا قازانج زیادیکردووە، وەک بانکی (غولدمان ساکس)و (جیە بیە مورغان)، بەڵام کۆمەڵێک بانکی دیکەش وەک (اوف امریکا)و(سی ئی تی) هێشتا هەر ماندوون. هێشتا (پسوڵەی ژەهراویی) بەنرخی مەلایین دۆلار هەیە کە زیانەکانی هەژمارنەکراوە، هەروەک ڕێکخستنەوەی نەخشەی هەیکەلیەتی هەڵوەشاوەی وڵات هێشتا دەستی پێنەکردووە، ڕێژەی بێکاریی هێشتا (١١٪)یە یاخود (٢٠٪ ئەگەر ئەو فەمانبەرانش هەژمارێکەین کە دەوامی نیوە دەکەنو ئەوانەی بێهیوابوون لەوەی کارێکیان دەستبکەوێت).

چالاکییەکانی دەستبەسەراگرتنی ڕەهن هەر بەردەوامەو زیادیکردووەو ڕێژەی بازرگانییش لەداکشاندایە، نزیکەی هەموو ویلایەتەکان بەدەست کەمهێنانی بودجەوە دەناڵێنن، زۆربەی ویلایەتەکانیش وەک کالیفۆرنیاو فلۆریداو میشیغان لە بارودۆخێکی قورسداندو بۆچەند سااڵی دیکەش بە دەست کۆمەڵێک گرفتەوە دەناڵێنن.

کەواتە ئەمریکا چۆن کرداری هەستانەوە سەرکردایەتی دەکات؟

ئەمریکا بە بارودۆخی سیاسیی ئەمە دەکات، نەک ئابووری! ئەمەش بابەتێکی سەرنجڕاکێشەو پارادۆکسە، چونکە بازنەی واشنتۆنو وڵ ستریت (قەاڵی سەرمایەداریی ئەنگلۆساکسۆنی) دووچاری ناوزڕاندن بووەوە لەسەرتاسەری جیهاندا لەماوەی (١٨)مانگی ڕابردوودا، سەرۆکی فەرەنسی، نیکۆال سارکۆزیو ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئەنجیالمیرکل کۆتایی هەیمەنەی سەرمایەداری ئەنگلۆ سەکسۆنییان ڕاگەیاند. کۆمەڵێک لە بەرپرسە چینییەکانیش ویلایەتە یەکگرتووەکانیان سەرزەنشتکرد، هەندێک لەئەمریکییە پلەدارەکانیش وەک ڕوجەر ئالترمان، جێگری وەزیری خەزانە لە ئیدارەی کلینتۆن، کۆتایی ڕۆڵی پێشەنگانەی ئەمریکایان لەکەرتی داراییدا ڕاگەیاند، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە واشنتۆن بەخێراییو بە تووندوتۆڵی جوڵایەوە، لەپێناو ڕزگارکردنی ئابووریی جیهان لەدارمان. (ئەگەرچی بەرپرسیشە لەو هەرجومەرجەی پێویستە لەسەری چارەسەری بکات، ئەمەو لەگەڵ ئەو تەحەدییانەش ڕووبەڕووی ئۆباما بوونەتەوە.

بێگومان ئۆباما سەرکردەیەکی سەرنجڕاکێشەو زیاد لە هەر سەرکردەیەک متمانەی بەخۆی هەیە، زیاد لەوانی دیکەش قسەزانترو وریاترە لە ڕووی سیاسییەوە، سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، گۆردن براون دووچاری هێرشی قورس بووەتەوە لەوڵاتەکەیدا، لەوانەیە دووبارە هەڵبژاردنەوەشی ئەستەم بێت، هەروەک سەرۆک وەزیرانی پابانیش تارۆ ئاسو ئەگەری دووبارەهەڵبژاردنەوەی لاوازە کە بڕیارە لە (٣٠)ی ئۆغستۆسدا ئەنجام بدرێت، ڕاوێژکاری ئەڵمانیاش کە بەرهەڵستیی لەو پلانە (تەحفیزیە) کرد کە خەڵک بەتەواوی پێویستیان پێیەتی، بەم نزیکانە ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێک دەبێتەوە.

سەرۆکی فەرەنساش ڕایەو کەسێتیەکی تیژی هەیە بەشێوەیەک یارمەتی نادات بۆئەوەی لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی کارابێت، ئەمانە هەمووی ڕێگا بۆ (چین) خۆشدەکات، کە گەشەسەندن تیایدا بەهێزەو بانکەکانیشی خاوەنی پارەی بێشومارن، بەاڵم سەرۆک (هوو جنتاو) حەزی لەوە نییە ببێتە سەرۆکێکی جیهانیی، جیهانیش لە بارودۆخێ ئێستاداو بۆ چەند سااڵی دیکەش قبووڵی سەرۆکێکی چینی ناکات.

دەسەاڵتی نوێی واشنتۆن بە ڕادەیەکی زۆر خۆی لە بوونی چەندین کەسانی لێهاتوودا دەبینێتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکەدا، لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەی بەم دواییانە کۆنگرێس ڕووبەڕووی وەزیری خەزانەی پێشووی کردەوە «لەبەر ئەوەی بەسەربەخۆیی و ملهوڕییەکی زۆر هەڵسوکەوتی کردووە»و لەگەڵ هەندێک هەڵە کە ئیدارەی سەرۆکی پێشوو (بوش) ئەنجامیداوە، وەک ڕزگارنەکردنی کۆمپانیای (لیمان برازەرز)و لێرەشدا ئافەرینەکە بۆ بولسنو سەرۆکی بانکی یەدەکی فیدراڵی (بن برانکی)یە، چونکە بەخێراییو ئازایەتی هەڵوێستیان وەرگرت، لە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییە گەورەکانو ئەمە لەگەڵ بوونی سەرۆکێک کە خولی سەرۆکایەتییەکەی لە تەواوبووندایە و هەروەها کۆنگرێسێکش کە دژایەتی دەکردن.

ئەمڕۆ جیهان متمانەیەکی گەورەی هەیە، بەوەی کە ئیدارەکەی ئۆباماو وەزیری خەزانە، تیم غایتنرو ڕاوێژکاری ئابووری لە کۆشکی سپی لورنس سامرز، برنانکی، سیاسەتی ژیرانە دەگرنەبەر، کرداری خۆپاڕێزەکانیان بەرامبەر گۆڕانە ڕێکخراوەکانیان، وای لە وەبەرهێنەرەکان کرد، زیاتر دڵنیابن، خۆئەگەر بهاتبایەو ئەو گۆڕانکارییانەی کە کران وەک دەرکردنی کۆمەڵە یاسایەکی وەک یاسای (ساربینز ڕوکسلی) لەمەش زیاتر، ئەگەر بهاتبایەو قەیرانەکە ئەو کاتە ڕوویبدایە کە تیمەکەی بوش، پێکهاتوو لە وەزیری خەزانە، جونسون (کە تا ڕادەیەک هیچ پسپۆڕییەکی لەبواری داراییدا نییە) هەروەها سەرۆکی بانکی یەدەکی فیدراڵی ئاالن گرینسبان، (کە سەرزەنشتی تەواوی دەکەوێتە ئەستۆ لەپای هاندان بۆپەرەنسیپێکی تووندڕەوانە سەبارەت بەبازاڕی ئازادو لە ئاکامدا کارەساتەکەی لێکەوتەوە) لەسەر کاربوونایە، ئەوا جیهان چاوەڕێی دەکرد ئەمریکا ڕۆڵێکی سەرکردایەتی تەواو جیاواز بگێڕێت.

ئەوەی دیسان هاوکاری ئیدارەکەی ئۆباما دەکات ئەوەیە کە جیهان تامەزرۆیە کەسێک سەرکردایەتی بکات لەبەرامبەر ئەم هەموو نارۆشنییەو ئاماەدەی پشتگیریکردنی هەرجۆرە بەرەو پێشچوونێکیشە، تەنانەت ئەگەر ئەو بەرەو پێشچوونەش تەنیا لە بزاوتی خراپییەکان کەم بکاتەوەو هیچی دیکە.

ئابووریی جیهانی ڕووبەڕووی گرفتی گەورە دەبێتەوە، بەاڵم بەپێی ئەو گەشتەی بەجیهاندا کردم و تیایدا قسەم لەگەڵ زۆرێک لەسەرۆک کارەکان کرد، بۆم دەرکەوت کە بیرکردنەوەیەکی بەهێز هەیە لە ئەورووپاو ئاسیاو ئەمریکای التین، بەوەی کە کەسانی گونجاو قەیرانەکە چارەسەردەکەن. لەگەڵ هەموو ئەو داواکارییانەش بە پێویستی زیادکردنی دەستوەردانی حکومەت بۆ ڕێگرتن لە ڕووداندی قەیرانێکی دیکەو گومانکردن لە تایپی سەرمایەداریی ئەنگلۆسەکسۆنی، لەوانەیە سەرکردایەتی ئەمریکیو بازاڕی کراوە لەسەر ستایلی ئەنگلۆسەکسۆنی هەمان ئەو ستایلە بێت کە جیهان خوازیاریەتی، چونکە ئەم سیستمە لە (٣٠) سااڵی ڕابردووی پێشکەوتنی جیهانیدا، پەیرەوی لێکراوە هەروەها زۆرێک لە باڵەڕە گەشەسەندووەکانی وەک چینو هیندو بەرازیلو مەکسیکو تورکیا، هەموو ئەمانە سوودمەند بوون

***لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکان پێویستە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی فەلسەفەی خۆی سەبارەت بە بیمەی کۆمەاڵیەتی بگۆڕێت بۆ دیاریکردنی ئەوەی شیاوی وەرگرتنیەتی**



لیستی «گۆڕان» پێویستە چی بکات؟

شوان رەوف

لیستی گۆڕان کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا توانی سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەستبهێنێت، ئەویش دیارە بەخۆیدنەوەیەکی سیاسیانە نەک بە بەدەستهێنانی زۆرینە، چونکە هەریەک لە دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستانو هەروەها پارتە سیاسییەکانی دیکە لە چاو ئەنجامەکەی لیستی گۆڕان بە چوونەوە بە مێژووی سیاسییانو هەروەها بەراوردکردنی ئەنجامەکانیان لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتر ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، بەوەی کە چ لیستی کوردستانی (یان ئەوەی جاران هاوپەیمانی کوردستان بوو)، چ لیستی چوار پارتە سیاسییەکە (کە دوو پارتی ئیسلامیی خاوەن نفوزێکی زۆریان تێدایە) بەرواردبکەین لەگەڵ پێشوویان ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە چ لایەنێک براوەیەو خاوەنی سەرکەوتنە. بەهەرحاڵ من نامەوێت لێرەدا خۆم بخەمە بەر ئەو نووسین و قسانەی کە دەکرێنە پێوەری بردنەوەو دۆڕاندن، بەڵام دەمەوێت خوێندنەوەیەک بکەم بۆ داهاتووی گۆڕان.

بردنەوەی گۆڕان:

ئایا لیستی «گـــۆڕان» لەخۆڕا ئەم دەنگانەی بەدەستهێنا؟ یان بە بەخشینەوەی پارەو، وەک دوو پارتە دەسەڵاتدارەکە هەموو هەوڵیانگرتە بەر بە بەکارهێنانی دەزگاکانی حکومەتیشەوە بۆ وەدەستهێنانی ئەو دەنگانە (پێویست ناکات زیاتر لەسەر ئەو وەڵامانە بڕۆم، چونکە ئاشکرایە)، بەڵام هاوڵاتیان کە دەنگیان داوەتـە لیستی «گـــۆڕان» بەو ئومێدە دەنگیان داوەتێ، کە جیاواز لە پارتە سیاسییەکانیتر کار بکاتو بەرژەوەندی گشتیی ئامانجی سەرەکی بێتو تەنیاو تەنیا بۆچوونە ناو پەرلەمانی هەندێک دەموچاوی دیکە نەبێت بۆ بەدەستهێنانی پلەو ئیمتیازات. چونکە ئەمە ستەمەو لە خەڵک کراوەو لە کاتێکدا لیستی «گۆڕان» خۆشی لەسەر بنچینەی دژایەتیکردنی ئەم سیستمە دروستبووە. لەبەر ئەوە دووبارەکردنەوەی هەمان ریتمی پارتە سیاسییەکانی کوردستان دەبێتە هۆیەک هەم بۆ بچووکبوونەوەی گـۆڕان هەم بۆ نەمانی متمانە بەو کەسایەتیانەی کە ئێستا دروشمی گۆڕانکارییان هەڵگرتووە هەم بە داهاتووش گەر کۆمەڵێکی دیکە هاتنو باسی گۆڕانیان کرد. کەواتە یەکەم کار کە پێویستە بیکات ئەوەیە کە نابێت چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەو دەنگانە لەبیر بکاتو، وەک نوێنەری راستەقینەی ئەو دەنگانەش کاربکات. بتوانێت دژی ئەو سیستمە بووەستێتەوە کە تائێستا دژی داخوازییەکانی هاوڵاتیان بووە. ئەگەر ئەمەش بکات ئەوا دەتوانێت لە ئێستاوە دەنگی زیاتر کۆبکاتەوە بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو.

ڕەفتار نەک گوفتار

دیارە یەکێک لەو کارانەی تائێستا پـارتـە سیاسییەکانی کـوردسـتـان کردوویانەو بە بەردەوامیش دەیکەنەوە ئەوەیە، کە هێندەی دروشمو قسە دەکەن هێندە کاری جددی ناکەن، ئەمەش تەنیا کارێکە کە سیستمی «دیکتاتۆریی» یان «نیوە دیموکراسییەکان» دەیکەن.

هێندەی دێن کار لەسەر بیرکردنەوەو پرکردنی مێشکی هاوڵاتیان دەکەن نایەن بە نیوهێندە کاری جددیو پرۆژە بکەن، هاوڵاتیانی کوردستان لە نەهامەتییەکان دەربازبکەن کە تێی کەوتوون. ئەمەش بۆ؟ چونکە کەسێک یان گروپێک یان پارتێک کە خاڵێکی لاوازی تێدا بێت هـەوڵـدەدات بە قسە پـڕی بکاتەوەو ئیدیعای کۆمەڵێک شتی لاوەکیتر بکات بۆ ئەوەی بە هاوڵاتیان بڵێت، ئەگەرچی من ئەم کارەم نەکردووە، بەڵام لەبری ئەوە ئەم کارانەی دیکەم کردووە کە ئەمەش زەرەر هێندەی لە هاوڵاتیان دەدات هێندە زەرەر لەو پارتانە نادات، چونکە پارتەکان تەنیا قسەیان لەسەرە، بەڵام هاوڵاتیان چاوەڕێی پرۆژەو کاری جددین، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە سیفاتی خۆ دەرخستن بەشێک بووە لە کلتووری کۆمەڵگەی ئێمە لەبەرئەوە پێویستە لیستی «گۆڕان» لەڕێگەی کارەکانییەوە بێت خۆی نیشانی خەڵک بدات، نەک لە تەلەفیزۆنو رۆژنامەو رادیۆیەکەوە بانگەشەی ئەوە بکات کە کردوویەتیو بە باشترینی ناو ببات، بەڵکو ئەوە هاوڵاتیانن بڕیار دەدەن لەسەر چۆنیەتی کـارو چالاکی هەر لیستێکی پەرلەمانی.

خۆ دوورخستنەوە لە دروستکردنی دوژمنی وەهمیی

دروستکردنی دوژمـنـی وەهمی یەکێکە لە سیاسەتە ناعەقڵانییەکانی پارتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، هەر کە دروستدەبن، دەستدەکەن بەخەتابارکردنی یـەکو هـەمـوو ئـەو کەسانەشی کە قسە لەسەر ناشیرینییەکانیان بکات بە بەکرێگیراوو خیانەتکار لە قەڵەم دەدرێن، زۆر جاریش دەیانکەنە بەرپرس لە تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و راپێچی زیندانیان دەکەنو رووبەڕووی تێهەڵدانو ئیهانەو سووکایەتی دەبنەوە، یاخود کەسێک بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە دەچێت قسە لەسەر خاڵە لاوازەکانی ئەو لایەنە دەکات بەرپرسانی ئەو لایەنەیش شێلگیرانە دێنو دەیخەنە ژێر نەشتەری تیژبڕی لایەنەکەو دەیکەنە دەرسو پەندی زەمانەو پیشانی ئەندامەکانی دیکەی دەدەنو فێری ئەوەیان دەکەن، کە هەرکەس بێتو قسە لەسەر بڕیارەکانی ئەم لایەنە بکات ئەوا ئەمەی بەسەر دێتو گەر ئەندامێکیش کەمێک بوێریی هەبێت ئەوا ناچار، یان دەبێت بێدەنگ بێتو چەپڵە لێبدات، یان دەبێت واز لە سیاسەتکردن لەو لایەنە بهێنێتو بێدەنگیش بێت، ئەگەرنا ئەوا تۆمەتی خیانەتو ناپاکی دەدرێتەپاڵو لە بڵاوکراوەکانی ئەو لایەنەوە هێرش دەکرێتە سەریو تەشهیری پێ دەکرێتو بە جاسوس ناو دەبرێت. ئەوەش گەر لیستی گۆڕان خۆی لێ بەدوور نەگرێت تووشی هەمان ئەو گرفتانە دەبێتەوە کە لایەنەکانی دیکە تووشی هاتوون. نەک تەنیا خۆی بەڵکو کۆمەڵگەش تووشی زیانی گەورە دەکات.

خۆ دوورخستنەوە لە دژایەتیکردنی لایەنەکانی دیکە

وەک ڕوونـــە هـــەر گروپێک یان کۆمەڵێک کەس کە کۆدەبنەوە لە فەراغێکی سیاسیی یان کۆمەڵایەتیی یان ...هتد، بۆ پرکردنەوەی ئەو فەراغە دروستدەبنو لە ئەنجامی کارکردنیشیان بە تێپەڕبوونی کات کۆمەڵێک بۆشایی دیکە دروست دەبێت لەبەر ئەوە دەبێت لیستی «گۆڕان» بێت بەڵینەکانی بباتە سەر، نەک تەنیاو تەنیا لە پەرلەمان دژی بڕیارەکانی گروپی دەسەڵات بووەستێتەوە، بەڵکو دەبێت لە کاری جدیدا پشتگیربێتو لە کاری ناجدیشدا هەڵوێستو قسەی خۆی هەبێتو نەهێڵێت ئەو خاڵە بەسەریدا تێپەڕێت. نەوەک بێت کار بکات لەسەر ئەوەی، کە مادام ئەم پرۆژەیە فلان گروپی سیاسیی تەرحی کردووە لیستی «گۆڕان» دژی بووەستێت، چونکە لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنو ئەو کاتەشدا دژایەتی دەکات، بەڵکو بێت کار لەسەر ستراتیژیی میللەتێک بکاتو بڕیاردانەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتەکان دووبـارە نەکاتەوە، ئەوەش لەڕێگەی بوونی دیراسەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کارانەی ڕەتی دەکەنەوە، هەروەها بۆ ئەو کارانەش کە پەسەندی هەرێمەنو بۆچوونو پێشنیازەکانی هاوڵاتیانیش بە هەند وەرگرنو کاری جددیشی لە پەرلەمان بۆ بکەن، چونکە تائێستا پەرلەمان ئەو شوێنە بووە کە کەم کەس توانیویەتی بیگاتێ لەبەر ئەوە هاتنە ناو خەڵکەوە لەلایەن پەرلەمانتارانی گـۆڕانـەوەو پرسیارکردن سەبارەت بە کێشە سەرەکییەکانی هاوڵاتیان دەربڕیدەخات کە لیستی «گۆڕان» مەبەستی گۆڕانکارییە لە سیستمی سیاسیی، نەک گۆڕینی دەموچاوەکان.

لیستی گۆڕانو بە کۆمەڵگەییکردنی ریفۆرم

دیـارە ئەمەش لەڕیگەی هێنانی سیستمێکی پەروەردەیی تەندروستەوە دەبێت، پـەروەدە گرنگترین هۆکارە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە. گەر لیستی «گۆڕان» بـێـتـو کـۆی ئـەم سیستمەی ئێستا هەیە بخاتە ژێر پرسیارەوەو کار بۆ هێنانەکایەی سیستمێکی پەروەردەیی دروسـت بکات ئـەوا باشترین کاری بۆ هاوڵاتیانو بۆ داهاتووی خۆیشی کـردووە، چونکە نەبوونی هۆشیاری تەواوو نەزانینی چۆنیەتی بڕیاردانێکی عاقڵانە گەورەترین گرفتی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمەیە. لەبەر ئەوەی هەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی پـــەروەردەوە هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە، هێندەی فێری پەرستنو ترسو بەجێهێنانی قسەی گەورەکان دەکرێن، هێندە فێری بیرکردنەوەیەکی لۆژیکیو ئاقڵانە ناکرێن، کە ئەمەش هەمان ئەو سیستمەیە کە بەعس پەیڕەوی کـردووەو، بەداخیشەوە لە (١٨) سـاڵی تەمەنی دەسەڵاتی کوردی هیچ کارێکی ئەوتۆی لەسەر هێنانەکایەی سیستمێکی پـەروەردەیـی دروسـت نـەکـردووە، کە شایەنی باسکردن بێت، ئەمەش ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەسەڵاتدارانی (١٨) سـاڵی رابردووی هەرێم مەبەستیان هەبووە لە هێشتنەوەی ئەم سیستمە وەک خۆی بۆ لەدەستنەدانی کورسیو بێ دەنگبوونی زیاتری هاوڵاتیان، کە دەشکرێت هەموو ئەوانەی بەرپرس بوون لە بەدینەهێنانی ئەو کارە بدرێنە دادگا، چونکە دیموکراسی لە سەرەتای ژیـانـو پەروەردەیەکی دروستەوە دەستپێدەکات، نموونەش بۆ ئەمە (رێنیسانس)ی ئەوروپایە کە تەواوی پـرۆسـەی دیموکراسیی لە ئەوروپا سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شۆڕشە گەورەیە، دیارە لێرەدا دەکرێت لیستی «گۆڕان» کە پێش ئەوە کەوتوون، ئەوە بکەنە کاری سەرەکییان هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە بکەنە کەسێکی ریفۆرمیستو دیموکراسیخواز، چونکە ئەوە تەنیا ڕێگەی گۆڕینی کۆمەڵگەیە ئەگەر ئەو کارە نەکەن دوور نییە کە «گۆڕان» بێت بە بەشێک لە پرۆژەیەکی کۆمەڵە کەسێکو لەگەڵ پەشیمانبوونەوە یاخود وازهێنان یاخود نەمانیان پرۆژەکەش بەرەونەمان بڕوات.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێم: کە ئەوەی لەسەرەوە باسم کردووە تەنیا کۆمەڵێک شتی زۆر بچووکە لە پرۆسەی ریـفـۆرمو لیستی «گـــۆڕان» پێویستە بیانکات،بە دەیەها کاری دیکەیش هەن، کە من باسم نەکردوون. دەبێت ئەوەش بڵێم: کە پرۆسەی ریفۆرم نەنووسینێکو دووان ...نە بە کاری (٤) سـاڵی داهاتووی لیستی «گـــۆڕان» تـەواو نابێت، بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامو دوورو درێژە کە دەبێت لە هەموو کاتو سەردەمێکدا کاری جدی بۆ بکرێتو هەڵەشە وا هەست بکەین کە لیستی «گۆڕان» تەواوی ناعەدالەتیو کێشەکانی ئەمڕۆو داهاتوو چارەسەر دەکات، بەڵکو دەبێت هاوڵاتیانیش لەو پرۆسەیەدا بەشداربن، ئەگەرنا ئەوە نە پرۆسەکە سەرکەوتوو دەبێت نە لیستی «گۆڕان»یش دەبێتە گۆڕانکاری ئەوەی کە ئەمڕۆ دەمانەوێت بگۆڕێت.

بوومەلەرزە گەورەکە

فەرەیدون حەمە ڕەشید



گـــۆڕان لـە نەخشەی سیاسیی کوردستان بردنە پـێـشـەوەی ئـەو ئومێدە گەورەیە کە هەموو خەڵکی کوردستان لە چاوەڕێیدان، ئەمەش بۆ کەمتەرخەمیو نادیدەگرتنی حکومەتی هەرێم دەگەڕێتەوە کە لە هـــەژدە ساڵی ڕابـــردووداخاوەنی کارنامەی سیاسیی خزمەتکردن نەبووە، حکومەتو کاری ئیداریی لەناو بۆتەی حیزبو مەزاجی شەخسی سەرکردە زەبەلاحەکان تواندووەتەوە، لە کوردستانەکەی ئێمەدا کارمەندو کارگوزار هەیە هەموو مووچەو داهاتی مانگانەی ناگاتە پارەی جارێک قژبڕینی ژنو کچی پەرلەمانتارو وەزیرو لێپرسراوێکی حیزب، ئیدی چۆن مەیلو خۆشویستن بۆ دەسەڵاتو بۆ حکومەت دەمێنێت لە ژیانی ئاساییو کۆمەڵایەتی کوردستاندا مووچەو داهاتی مانگانەی خەڵکانێک هەن ناگاتە برە پارەی عەترێکی مارکەی بۆس و قاتە شاڵێکی رانکو چۆخە کە لێپرسراوەکان مانگانە بە دیاری دەیدەنە کەسوکارو دۆستە نزیکەکانی خۆیان، ئیتر چۆن لەنێوانی ئەم چیاوازییە، ئەو ئینتیماو مەیلە دەمێنێت بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی دەسەڵاتێک کە ئەو ناعەدالەتییەی بەرهەم هێنابێت هەموومان لە هەڵبژاردنەکاندا دیتمان کۆشکی پەرلەمانی دەسەڵات نزیک لە نیوەی داڕمیو لەم هەڵبژاردنەدا تەنیا بە هەردوو هێزی سەرەکی یەکێتیو پارتی (٥٩) کورسی پەرلەمانیان بەدەستهێنا، ئەویش بە کەمپەینێکی بەرفراوان بۆ هەڵبژاردنو بەخشینەوەی دەیان ملیۆن دۆلاری ئەمریکی بۆ کڕینی دەنگ من پێم ناخۆشە بە پەرلەمانی ولاتەکەم بڵێم داڕمـیو هەرەسی داڕووخانی هێنا چوون ئەو پەرلەمانە بە مێژووی قوربانییەکانی ئەم کوردستانە بنیادنراوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پەرلەمانە نەیتوانی لە پەرلەمانی حیزب خۆی قوتاربکاتو نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بکات، وەک نۆشینی ژەهر دەکرێت لە دەستدانی بێ متمانەییەکەیمان پێ خۆشبێت، سـەرەڕای ئەوەی کە هەردوو حیزبی هاوپەیمان یەکێتی نیشتمانیو پارتی دیموکرات دەتوانن بۆ جارێکی دیکە حکومەتو دەسـەڵات بخەنەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان، بەڵام ئەمجارە حکومەت لەبەردەم ڕەقیبێکی ئۆپۆزسیۆن گیردەخوات، ئەم ڕەقیبە ئۆپۆزسیۆنە دەسکەلاو وابەستەی هیچ مەیلێکی ئیقلیمیو دەرەکی نییە، جگە لە وابەستەییو هەڵقوڵاوی ناو جەماوەری ناڕازی نەبێت کە بۆ کوردستانێکی ئاوەدانترو عەدالەتر ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی خەڵکی لە ئەستۆ گرتووە، ناکرێت بهێڵێت وەک دوێنێ پەرلەمان مالێ حیزب بێت ئەمڕۆ بە کاریگەریی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩/٧/٢٥) دەکرێت پلێین کاری سیاسیی بە جۆرێکی جیاواز لە هەژدە ساڵی ڕابـردووداو دەستپێدەکات، تەمەنا دەکەین ئەمجارە سیاسەتکردن لای خەڵکی کوردستان متمانەو ڕاستبێژی بۆ بگەڕێتەوە ئەوەش تەنیا بە قسەو دروشم ناتوانین، چۆن هەژدە ساڵە ئێمە بە دروشم، بە درۆی سیاسی لە خشتە دەبرێین، لێرەوە دەبێت سیاسەت بچێتەوە سەر ڕاستەڕێی خزمەتکردن بە خەڵکە ئەمەش بە دەخالەتکردنی ڕاستەوخۆی نوێنەرانێک دەبێت کە بتوانێت لە پەرلەمانی نوێ نوێنەرایەتیو تەمسیلی کۆمەڵانی خەڵک بکات، تابتوانێت ڕاستەوخۆ نوێنەری کرێکارانو کارمەندانو مامۆستایانو گشت چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵ بکات، ئەم نوێنەرایەتییە ئەمڕۆ لەناو دەستی پەرلەمانتارەکانی لیستی گۆڕاندایە،

ئالێرەوە ئەرکە قورسەکە بۆ مسۆگەرکردنی کـاری مەیدانیو خواستەکانی خەڵک دەکەوێتە دەست نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی گۆڕان کە ئەویش دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەیە بەسەر حکومەتی نوێ لە هەرێمی کوردستاندا بۆ لێپێچینەوەو چاودێریکردنی حکومەت لە هەموو ئاستەکاندا، ئەمەش بۆ خۆی هاتنی قۆناغێکی نوێیە لە کایەی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا، هەر لەبەر گرنگیو هەستیاریی ئەم ئالوگۆڕە لە هاوکێشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، ڕاگەیاندنەکانی ولاتی سویسرا بە ڕۆژی هەڵبژاردنەکانو دەرئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردنو هاتنی لیستی گۆڕانیان بە بوومەلەرزە گەورەکە ناوهێنا، بۆیە دەکرێت نوێنەرانی گۆڕان لەناو پەرلەمان لە ئاستی دواکارییەکانی خەڵکو زومێ چاودێرە بیانییەکان بوومەلەرزە گەورەکەبێت بۆ ئالوگۆڕی نەخشەی سیاسیی بە قەزانجی خەڵکو پرسی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستاندا.

faraidun_73@hotmail.com



تائێستاش هەرێم نەبووەتە ئامانجێکی بەهێزی ئابووریی بۆ تورکیا

ئارام شێخ وەسانی

بەپێی ئامارێکی دەزگای ئـامـاری تـورکـیـا لـەمـاوەی ساڵی رابـــردووەدا زیـاتـر لە (٥٥)هـەزار بارهەڵگر لەنێوان تورکیاو بـاکـووری عێراقدا هاتوچۆیانکردووەو ئاگایانی سیاسییو ئابووریش پێیانوایە، تائێستاش دەوڵـەتـی تورکیا دوور لـەهـەمـوو گرژییەکی سیاسیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئـەو بابەتەدا کـــردووەو هیچ کاتیش ئـەو گـرژیـیـانـەی کە لەنێوان هەرێمی کوردستانو تورکیادا رووياندەوە نەبوونەتە ڕێگر لەبەردەم داخستنی تاکە دەروازەی سنووریی لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا.

شێخ ئەیاد حسێن، سەرۆکی ژووری بازرگانیی دهـۆک لە لێدوانێکی پێشووتریدا بۆ رۆژنامە ئەوەی دووپاتکردووەتەوە، کە هیچ رۆژێک دەروازەی ئیبراهیم خەلیل دانـەخـراوە، ئەگەرچی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمو تورکیا لەوپەڕی گرژیدابووبن.

تورکیا تاکە دەروازەی عێراقە کە لە بـاکـووڕەوەو لە ڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە دەیبـەسـتێـتـەوە بـە وڵاتـانـی ئەورووپاوە. هاوکات، پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەرێمو تورکیا لە ئاستێکی بـاڵادان، بەڵام هەندێک لە شیکارزانانی ئابووریی رایانوایە، کە هێشتا پەیوەندییەکان لەئاستی پێویستدا نین.

گەلیپ ئینسار ئۆغلۆ، جێگری سەرۆکی ژووری بازرگانیی دیاربەکر بۆ رۆژنامەی سەندەی زەمانی تورکی، باس لەوە دەکات کە تورکیا باشترین ڕێگەی هاتوچۆی بازرگانی وشکانییە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، هـەروەهـا تورکیا دەتوانێت سوودێکی زۆری بازرگانی لـە هـەمـوو ڕووەکـانـــەوە لەم هەرێمە وەربگرێت، چ لە ڕووی پەروەردەو تەندروستییەوە بێت یان لە ڕووی بازاڕکردنەوە.

تورکیا کێبڕکێی ئێرانی پێناکرێت

لە ڕاپۆرتەکەی سەندەی زەماندا ئاماژە بەوە کراوە کە تورکیا تائێستا نەیتوانیوە سوود لە هەرێمی کوردستان وەربگرێت، بە بـەڕاورد بە وڵاتی ئێران‌و ئاماژەش بەوە دەکـات، حکومەتی تورکیا تائێستا نەگەیشتووەتە ئەو بـڕوایـەی کونسوڵخانەی خۆی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، لە کاتێکدا حکومەتی ئـێـران کـونـسـوڵـخـانـەی لـە هـەرێـمـی کوردستاندا کـردووەتـەوەو لە هـەردوو شاری سلێمانی‌و هەولێر لە ڕێگەی ئەو کونسوڵخانانەوە چەندین پـڕۆژەی کاروباری بـازرگـانـی ڕێـکـەدەخـرێـن، هەروەها لەو ماوەیەدا ئێران توانیویەتی (٦٣)دەروازەو دەرگای بازرگانی بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا بکاتەوە، لە کاتێکدا حکومەتی تورکیا تەنیا یەک دەروازەی بازرگانی بە ڕووی هەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەگەری ئەوە هەیە تورکیا لەم ڕاستییە گەیشتبێت، چونکە لـە سـەردانـەکـەی وەزیـری دەرەوەی تورکیا، ئەحمەد داود ئۆغلۆ، ئـامـاژە بەوە کرا کە «تورکیا پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان‌و عێراق چـــالاک دەکـــات، ئـەمـەش ڕەنـگـە مـانـای کـردنـەوەی کونسوڵخانەی تورکیا بێت لە کوردستان».

هەرێمی کوردستان خاڵییە لە بانکە تورکییەکان

تـورکـیـا تـائـێـسـتـا، لقی فـەرمـی بـانـکـی خـــۆی لە هەرێمدا نەکردووەتەوەو بەو هۆیەشەوە بازرگانە تورکەکان ناڕەزایی دەردەبڕن‌و پێیانوایە دەبێت ئـەو بانکە بکرێتەوە، بـۆ زیـاتـر بـەڕەو پێشبردنی پەیوەندیی‌و کارەبازرگانییەکان‌و بـەڕێـوەچـوونـی پـڕۆژەکـان بەئاسانی، حکومەتی تورکیا لقی بانکی خـۆی لـە بەغدا کردووەتەوە کە بانکی زیرات یەکێکە لـەو بانکانە، یەسور میلانی بەڕێوەبەری بانکەکە بۆ ڕۆژنامەکە باس لەوە دەکات، کە وێڕای ئەو هەموو گرژیی‌و تونديتێژییەی لە بەغدا هەیە، کەچی تائێستا تونراوە ڕێژەیەکی زۆری بازرگانی تورکیا سوود لەو بانکە وەربگرن. بەڕێوەبەری لقی بانکی زیـرات بـاس لەوە دەکـات، کە پەیوەندییەکانی هەرێم‌و تورکیا بایی ئەوەندەن کە لقی بانکییان بۆ بکرێتەوە، هـەروەهـا بـــەردەوام بـاس لە بەڕەوپێشچوونی پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی تورکیاو عێراق‌و هەروەها هەرێمی کـوردسـتـان دەکـات کـە بـــەردەوام دەرگـــای والاّ بـووە لـەبـەردەم بازرگانانی تـورکـیـــادا، کـەچـی تورکیا تائێستا وەک پێویست نەبووە لەبەرامبەر بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکاندا. لە درێـژەی ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەچەندین کێـڵـگـەی نـەوتـی هـەرێـمـی کوردستان کراوە، کە چەندین کۆمپانیای بیانی چـاوی‌ان بڕیوەتە گرێبەستی گواستنەوەو پاککردنەوەو بەڕێوەبردنی ئـەو کێڵگەنەوتییانە، بەو هۆیەشەوە تورکیا یەکێکە لەو لایەنە بەهێزانەی کە دەیەوێت سـوودێـکـی بازرگانیی زۆر لەو پـڕۆژەی کێڵگە نەوتییانە دەستبخات، هەروەها بابەتی گواستنەوەی نەوت‌و ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی فیدرالڕ تورکیا بۆ گواستنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان بۆ تورکیا جێگەی گرنگییەکی زۆرە.

پێشبرکێی تورکیاو وڵاتان

وڵاتـی تورکیا لەهەموو وڵاتانی جیهان چانسی زیاتری هـەیـە بـۆ ئـــەوەی پـــڕۆژەی گواستنەوەی بۆرییە نەوتییەکانی هەرێم بۆ دەرەوە لە ئەستۆ بگرێت، بۆ ئـەو مەبەستەش هەنگاوی نـاوە، هـەروەهـا لە پـڕۆژەی گواستنەوەی نابوکا کە پانزە بلیۆن مەترسێجا گاز دەگوازێتەوەو گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ تورکیا، لەلایەکی دیکەوە تورکیا نزیکەی پەنجا هەزار کرێکاری بۆ کارکردن ناردووەتە هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش گرنگییێدانێکی دیکەی تورکیایە بەبازرگانیکردن لەناوچەکەدا، ئەو کرێکارانە بەشی زۆریان لە کێڵگە نەوتییەکان‌و پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو بیناسازیدا کار دەکەن.

فـیـردا جـەمـیـل، یەکێکە لەو بازرگانانەی تورکیا کە لە هـەرێـم کـاری بیناسازیی دەکات، ئاماژەی بەوە داوە، کە کۆمپانیاو کارەبازرگانییەکانی تورکیا لە پێشەوەی پێشبڕکێ بازرگانییەکانن لە هەرێمی کوردستاندا، لەلایەکی دیکەوە ئەرجومەنت ئاکسۆی، سەرۆکی لیژنەی بازرگانیی تورکیاو عێراق لە باڵیۆزخانەی تورکیا لە عێراق ئاماژە بەوەدەکات، کە تورکیا پێویستی بەپەیوەندیی تونديوتۆڵی بازرگانی هەیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی ئامانجە بازرگانییەکان بەرەوپێش بچن.


دەروازەی سنوریی هەرێمی کوردستان- ئێران

دەستپێشخەرییەکەی ئەردۆغان

بۆتان ئامێدی دەینووسێت

ڕۆژی ١١ی هەشتو لەکاتی کۆبوونەوەیەکی گروپە پەرلەمانییەکەی حیزبی «ئەکەپە»دا ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بەئاشکرا دانی بەبوونی کێشەی درێژخایەنی کوردیدا نا. ئەردۆغان لە کۆبوونەوەکەدا وتی «هەڵەیەکی گەورە دەگوزەرێت بەسەرماندا، پێگەی تورکیا لە کۆیدا دەبوو گەر ٢٥ ساڵمان بەشەڕو ناکۆکی لەدەست نەچوایە، تورکیا لەکوێ دەبـوو گەر کێشەکان بەئاشتی چارەسەربکرانایە، پێش ئەوەی دەیـان هـەزار بکوژرانایەو سـەدان هەزاریش ئازاریان بچەشتایە.

ئیدارەی ئەردۆغان بەجدی بیر لە گواستنەوەی تورکیا بۆ دۆخێک دەکاتەوە کە لەگەڵ پێوەرەکانی ئەندامێکی ڕێکخراوی یەکێتی ئەورووپا یەکبگرێتەوە، ئەم هەوڵانەش کۆتایی بە کێشەی ئەتنی لە تورکیادا دەهێنێتو کێشەی کورد لە تورکیا چارەسەر دەکات، کە بووەتە هۆی لەدەستچوونی ژیان‌و سەروەت‌و سامان. هەربۆیە ئەنکەرە گفتوگۆدەکات هەموو لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی تورکی بەشداریی پێدەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد.

کێشەی کورد نزیکەی سەدەیەکە لە تورکیا فەرامۆشکراوە، ئەنجامەکەشی کەڵەکەبوونی ڕق‌و بێمتمانەیی لەنێوان تورک‌و کوردەکاندا، کە دەبێت هەردووڵاپەنی سەرکردە کوردو تورکەکان ئیش بکەن بۆ زاڵبوون بەسەریدا. کۆتاییهێنان بەو کێشەیەش بە ڕیفۆرمی ئابووریی‌و سیاسیی‌و کلتووریی دەبێت، دەبێت شوناسی کوردی دانی پێدابنرێت‌و گەشە بە ناوچە کوردییەکان بدرێت‌و چارەنووسی پەکەکەش دیاریبکرێت.

ئیدارەی ئەردۆغان کۆمەڵێک ریفۆرمی وەک بەخشینی مافی زیاتر بە کوردەکانی کردووە، وەک کردنەوەی پەخشی کەناڵێک بەزمانی کوردی، بەدەستهێنانی ئەنجامێکی مێژوویی لەلایەن حیزبی کوردی دەتەپەوە بەهۆی داواکردنی دانپێدانانی شوناسی کوردی لە تورکیا. بەڕپرسانی ئەکەپە لەسەر تەلەفزیۆنی کوردی ڕۆژ دەردەکەون‌و قسە لە کێشەی کورد دەکەن، ڕۆژنامەنووسە تورکەکان سەردانی قەندیلی شوێنی پەکەکە دەکەن. ئەمانە پێشتر ڕێپێنەدراو بوو لە تورکیادا، بەڵام ئێستا بەڕپرسانی بـاڵای حکومەتی تورکیا لەبارەی کێشەی کوردەوە قسەدەکەن.

چارەسەرکردنی کێشەی کـورد پێویستی بە ئارامیی هەیە، چونکە دەبێت سایکۆلۆژیای دەستەجەمعی تورکیا ئامادەی وجـودی کورد بێت وەک نەتەوەیەک کە دەستوور دانی پێداناوە. ئیدارەکانی پێشووی تورکیا کێشەی کوردیان دەشاردەوەو بەسادەییش وەک هاوڵاتی خۆرهەڵات یان باشووری خۆرهەڵات حسابیان بۆ دەکردن‌و وشەی کورد یاساغ کرابوو.

لەکاتێکدا ئەنکەرە قسە لەسەر هەمواڕکردنی دەستوور دەکات بۆ ئەوەی مافی کوردەکان جێگیر بکات‌و بگاتە پێوەرە ستانداردەکانی ئەندامێکی یەکێتی ئـەورووپـا، پەکەکەش پێویستە ببێتە هێزێکی بێ چەک کە لەگەڵ بەهاکانی خۆرئاوادا یەکبگرێتەوە. پەکەکە پێویستە مافی دروستکردنی ڕێکخراوی لە کوردستانی تورکیا هەبێت، بەڵام نابێت چاوپۆشی لەوە بکەین کە ئەم گروپە بە تیرۆریست لەقەڵەمدراوە لەلایەن یەکێتی ئەورووپاو ئەمریکاوە. بۆ بەدەستهێناوەوەی شەرعیەت، پێویستە چەک فرێبدات گەر تورکیا لێبووردنی گشتی دەرکـرد. کێشەیەکی دیکە ئایدۆلۆژیای پەکەکەیە، تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپاو سیستمی دیموکراسی خۆرئاوا تەبەنی بکات، گروپێکی ستالینی (پەکەکە) کە پێرەوی بەها مارکسییەکان دەکات، ماوە بەسەرچووە. پەکەکە پێویستە تەبەنی بەها خۆرئاواییەکان بکات، وەک بازاری ئازادو مافەکانی مرۆڤ. بە پشتگیریی لە بەهاْ خۆرئاواییەکان‌و فرێدانی چەک، پێدەچێت یەکێتی ئەورووپاو خۆرئاواْش چیتر وەک دوژمن سەیری پەکەکە نەکەن.

هەمواڕکردنی دەستوور بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد جێگیریی دەبەخشێتە ناوچەکەو بەشداریش لە گەشەکردنی دیموکراسی لە تورکیاو عێراق دەکات. کوردستانی عێراق دەبێتە دراوسێو هاوبەشی ئابووری یەکێتی ئەورووپاو بەغداش لێبووردە (متسامح)تر دەبێت لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

اعلان

اصدر مجلس المفوضين قراراته برد الشكاوى المدرجة تسلسلاتها في ادناه والخاصة بشكاوى الاقتراع الخاص والعام وذلك للاسباب الآتية :

١-عدم استيفاء الشروط الشكلية .

٢-عدم كفاية الادلة .

٣-الفعل لايشكل مخالفة انتخابية .

قراراً قابلاً للاستئناف امام الهيئة القضائية للانتخابات خلال ثلاثة ايام تبدأ من اليوم التالي للنشر . مجلس المفوضين

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
The Independent High Electoral Commission
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

ت	الرقم التسلسلي للشكاوى	المحافظة	رقم مركز الاقتراع	رقم المحطة	نوع التصويت	ت	الرقم التسلسلي للشكاوى	المحافظة	رقم مركز الاقتراع	رقم المحطة	نوع التصويت
1	503361	اربيل	221015		خاص	68	406123	اربيل	226032	3	عام
2	501001	اربيل	224013	1	خاص	69	408931	اربيل	203030	1	عام
3	501002	اربيل	224013	1	خاص	70	406463	اربيل		3	عام
4	501003	اربيل	224013	1	خاص	71	412533	اربيل	226027		عام
5	503541	اربيل	206017	1	خاص	72	409651	اربيل	212008	4	عام
6	503542	اربيل	206017	1	خاص	73	402696	اربيل	223002	1	عام
7	401861	اربيل			عام	74	401869	اربيل	207001	2	عام
8	403601	اربيل	21002	1	عام	75	402680	اربيل	213005	2	عام
9	405551	اربيل	211	3 + 4	عام	76	403602	اربيل	210		عام
10	411367	اربيل	205008		عام	77	401857	اربيل			عام
11	407414	اربيل	211009	4	عام	78	401831	اربيل	204001		عام
12	403664	اربيل		2	عام	79	401838	اربيل	204001	6	عام
13	403693	اربيل	211		عام	80	410043	اربيل	201		عام
14	403603	اربيل	21002	1	عام	81	411607	اربيل	215009	5	عام
15	403001	اربيل	210006	2	عام	82	410521	اربيل	201015	2	عام
16	400214	اربيل	203		عام	83	411901	اربيل	208001		عام
17	410911	اربيل	215	3	عام	84	403241	اربيل			عام
18	400216	اربيل	203031		عام	85	414663	اربيل		1	عام
19	413553	اربيل		5	عام	86	403755	اربيل	203009	3	عام
20	414722	اربيل	222003		عام	87	403819	اربيل	209	4	عام
21	414729	اربيل	222003	2	عام	88	405667	اربيل	22005	2	عام
22	403692	اربيل	211006		عام	89	409051	اربيل	220003	1	عام
23	413555	اربيل	222005	5	عام	90	409503	اربيل	215002	1	عام
24	404831	اربيل	224004		عام	91	401834	اربيل	204005	7	عام
25	403662	اربيل			عام	92	401852	اربيل	201002	2	عام
26	410913	اربيل			عام	93	409655	اربيل	212008	4	عام
27	411369	اربيل			عام	94	405161	اربيل			عام
28	407418	اربيل			عام	95	409161	اربيل	214002	2	عام
29	407422	اربيل			عام	96	403964	اربيل	203003		عام
30	411604	اربيل			عام	97	403991	اربيل			عام
31	413552	اربيل			عام	98	405671	اربيل	211005	1	عام
32	413911	اربيل	221	1	عام	99	1028297	اربيل			عام
33	410912	اربيل	215		عام	100	411902	اربيل	208001	2	عام
34	411932	اربيل	209002	3	عام	101	414662	اربيل	222007	4	عام
35	400215	اربيل			عام	102	402697	اربيل	223013	3	عام
36	401441	اربيل		3	عام	103	401886	اربيل	205003	3	عام
37	411605	اربيل	215009	4	عام	104	401870	اربيل	207006	2	عام
38	407421	اربيل	211009	4	عام	105	401844	اربيل	201002	2+3	عام
39	411606	اربيل			عام	106	401865	اربيل	202007	2	عام
40	400213	اربيل		6	عام	107	402674	اربيل	207001	1+3	عام
41	40432	اربيل			عام	108	401873	اربيل	207029	2	عام
42	403691	اربيل	211006	3 + 2 + 1	عام	109	401845	اربيل	201003	2	عام
43	407411	اربيل	211009	4	عام	110	1003994	اربيل	240001	1+2+3	عام
44	403663	اربيل	211013	2	عام	111	402996	اربيل	206016		عام
45	413554	اربيل			عام	112	402993	اربيل	207026	1	عام
46	411368	اربيل	205008		عام	113	402991	اربيل	20727	5	عام
47	407416	اربيل	211009	3	عام	114	402987	اربيل	201018		عام
48	407417	اربيل	411009	2	عام	115	402981	اربيل	215006		عام
49	406811	اربيل			عام	116	402980	اربيل	220003	1	عام
50	406812	اربيل			عام	117	402978	اربيل	211013	1	عام
51	410523	اربيل			عام	118	402977	اربيل		2	عام
52	403242	اربيل			عام	119	402976	اربيل	215001	1	عام
53	413311	اربيل	226070		عام	120	402974	اربيل	214003	3	عام
54	405852	اربيل			عام	121	1028367	اربيل	213008	2	عام
55	413135	اربيل			عام	122	1028362	اربيل	230008	6	عام
56	413134	اربيل			عام	123	1028360	اربيل	201015	3	عام
57	400242	اربيل			عام	124	1028361	اربيل	213003	2	عام
58	400241	اربيل	223017		عام	125	409586	اربيل	202017	1	عام
59	400271	اربيل			عام	126	409584	اربيل	202017	4	عام
60	404113	اربيل		1-2-3-4	عام	127	1028355	اربيل	215001	7	عام
61	412532	اربيل	226027	3	عام	128	1028358	اربيل	222003		عام
62	413972	اربيل			عام	129	406182	اربيل			عام
63	413973	اربيل			عام	130	404111	اربيل			عام
64	413974	اربيل			عام	131	409563	اربيل	203031	1	عام
65	411784	اربيل			عام	132	409564	اربيل	203031	1	عام
66	411271	اربيل	203018		عام	133	1028359	اربيل	222001		عام
67	409953	اربيل	202005	5	عام	134	409561	اربيل	206004	4	عام
						135	409562	اربيل	206004	4	عام
						136	409588	اربيل	206004	4	عام
						137	404658	اربيل	215008	1	عام
						138	404677	اربيل	201010	2	عام
						139	404671	اربيل	201010	6	عام
						140	408817	اربيل	202004	2	عام
						141	1028352	اربيل	207001	1	عام
						142	409569	اربيل	207006		عام
						143	409578	اربيل	300201	2	عام
						144	1028316	اربيل	229009	2	عام
						145	409587	اربيل	213012		عام
						146	409590	اربيل	201014	1	عام
						147	415085	اربيل	226017	1	عام
						148	409579	اربيل	211015	1+2	عام
						149	409580	اربيل	207024	1	عام
						150	409581	اربيل	217014	جميع المحطات	عام
						151	409574	اربيل	202012	1+2+3+4	عام
						152	409571	اربيل	208010	6	عام
						153	409565	اربيل	200061	1	عام
						154	409566	اربيل	206003	1	عام
						155	1028399	اربيل	213008		عام
						156	408840	اربيل	213003	1	عام
						157	408834	اربيل	208001		عام
						158	408831	اربيل	203019	3	عام
						159	408825	اربيل	200004	2	عام
						160	408820	اربيل	216003	1+2+3+4+5	عام
						161	408813	اربيل	201008	2	عام
						162	404676	اربيل	221002	2	عام
						163	404668	اربيل	203013	2	عام



گۆڕان... بوو بە واقیع

دانا نوری

«ئەگەر کێشەیەک چارەسەری نەبوو، کەواتە کێشە نییە، بەڵکو حەقیقەتە، پێویست ناکات بگەڕێین بەدوای چارەسەردا بۆ حەقیقەت، بەڵکو دەبێت لەگەڵیدا بژین».

شیمون پێرێز

ئاشـی هـــەژدە ســاڵی رابـــردووی حوکمی کوردی بە بەرژەوەندیی لیستی گـــۆڕان شـکـایـەوە، دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، سەرباری ئەو هەموو ساختەو پێشلکارییانەی کە پێویست بە باسو بەڵگە بۆ هێنانەوە ناکات، ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی کە لیستی (گۆڕان) بە دەستیهێنا، دەسەڵاتی دووچاری شۆککردوو پرسیارێکی گرنگی لە ماهییەتو چەمکی (گۆڕان) بەرپا کرد، وشەی (گۆڕان) بووە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەریی فراوانو بەشی زۆری گەنجانو تەکنۆکراتو ئەکادیمیو پیشەوەرانو قوربانیی جەنگەکانو تێکۆشەرانی دوێنێو چەندین تویژی دیکەی کۆمەڵی کوردەواری لە خۆی کۆکردەوە، لە کاتێکدا کە ئەو تویژانە بەر لە چەند مانگێکی کەم ئامادەی بەشداریی سیاسی نەبوون لە هیچ رووبەکەوە تەنانەت بەر لە چەند مانگێک سەد دەر سەدی دەنگدەران ئامادەی راستکردنەوەی ناوی خۆیان لە بنکەکانی دەنگدانی کوردستان بۆ پاریزگاکان نەبوون، بە هەڕەشەو تۆقاندنیشەوە.

بەر لەوەی کاک نەوشیروان وشەی خۆی بڵێت بە بەشداریی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە لیستێکی جیاوازو بە ناوی (گـــۆڕان)ەوە، بەرامبەرەکان بە شارەزاییەکی بۆماوەیی، تێبینیو سەرنجی خۆیان هەبوو لەسەر ناوەڕۆکی دروشمی (گـــۆڕان)و لە هەندێک جێدا خۆیان کردە هاوەردو بانگەشەی چاکسازییان کردو لە زۆر جێگەشدا هێرشی نـارەوایـان کردە سەر خۆیو بەرنامەکەی بە هیوای دیسانەوە کەساندنی (گـــۆڕان)، تا بتوانن کاک نەوشیروان بخەنە سەنگەری بەرگریی پێش هێرش کە ئـــەوەش سیاسەتێکی کلاسیکی خۆپارێزە لە گەمەکانی (وتاری هەڵبژاردن)ەکاندا کۆن بووە.

بەر لە وادەی یاسایی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کەنالەکانی سەر بە دەسەڵات کەوتنە زنجیرەیەک پرسیار لەسەر ناوەڕۆکی (گـــۆڕان)و هێنانەوەی چەند نموونەیەکی دەگمەن لە باوەڕی دەسەڵات بە چاکسازییو چاککردنی سیستمی حوکمو بنەبڕکردنی گەندەڵیی، خۆیان بە واقیعی ناوزەد کرد تا لە خەڵک بگەیەنن کە دەســـەڵات بەرنامەو وتـاری نوێی بە راستە، بەڵام پێویست بوو دەسەڵات وتارو بەرنامەی هەڵبژاردنەکانی خۆی، بە پلەی یەک لە سەر (لەدەستدانی راستگۆییو بـاوەڕی جەماوەرە بە بەڵێنو بەرنامە سیاسییەکانیان)دا چڕ بکاتەوە.

بۆئەوەی هەست بە سیماکانی قۆناغی داهاتوو بکەینو شێوەی بەرنامەو ئاسۆی سیاسی ئاستی ململانێی رکابەرەکانی ئەم هەڵبژاردنە و(گۆڕان) وێنا بکەین، پێویستە لەسەر وشـــەی (گـــۆڕان) بوەستین، ئەو وشەیەی بووەتە خەونی لایەکو لاکەی دی لێی هەڵدێت.

لێرەوە کەس ناتوانێت لەو راستییە خۆی لە گێلییدات کە (گۆڕان) پووەتە باسو خواستو هیوای هەموو خەڵک بە بنکەو جەماوەری لیستەکانی دەسەڵاتیشەوە، چونکە شێوازی ئەو هەموو قەیرانەی دەسەڵات کۆمەڵگەی کوردی تێدا دەژیاندو بـاری کـورد لە عێراقی دوای (٢٠٠٣)و پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەو دنیای هەوێستەکانی دەسەڵات لەسەر پرسە نیشتمانیو نەتەوییو رەفتار لەگەڵ کەمینەکانو سەدان کێشەی سیاسیو ئابووریو کلتووریدا کە کاتێک دەسەڵات نەتوانێت ئەم کێشانە لە یەکدی جیابکاتەوە، پرسیاری رای گشتیی ئەوەیە: ئـەی چـۆن دەتوانێت لە خـۆی جیایان بکاتەوەو خۆی نەکات بە خاوەنیان؟!، ئێستا بیەوێت باوەڕ بە خەڵک بهێنێت کە ئەمیش بەشێکە لە پرۆسەی چاکسازیی کە پـرۆســەی (گـــۆڕان)ەو قەیرانەکان خەتای ئەمی تێدا نەبووە. گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە پێویستی بە وردەیەکی بەرزو بەرپرسیارێتییەکی بە کۆمەڵ هەیە. دیدی رەخنەیی دەبێت (کار) بێت نەک (کاردانەوە)، چونکە هەر خوێندنەوەیەکی نادروست ئەنجامی پێچەوانەمان دەداتێو قەیرانەکان گەورەتر دەکات. بە تایبەت پرسی (گۆڕان) کە زۆر جار بابەتی لاوەکـی بەسەردا دەهێنرێت بە هۆی بەدحاڵیبوون یان بێ ئومێدی یان هەوڵی ناوزڕاندنی پرۆسەی (گۆڕان)، ئەمەش دەبێتە بەربەست لە ڕێی تێگەیشتن لە چەمکی (گۆڕان)، یان لێلکردنی بیرۆکەکە.

لیستی (گـــۆڕان) هەر کە یەکێک لە پرەنسیپە گشتییەکان باس دەکات، کاتێکی زۆر بۆ جەماوەر دەهێڵێتەوە تا وەڵامی باوەڕپێکراویان دەستبکەوێت. (گۆڕان) وەڵامدانەوەی سەدان پرسیاری گرنگی ناو ئەندێشەی رای گشتییو بە تایبەت چینە ناوەندو رەنجدەرەکانە کە چەندین ساڵە کەلەکە بوون، ئەمەش داهێنانە کە لیستێک یان کەسێک بتوانێت بە چەندین هەنگاو لە پێش بیرکردنەوە یان داواکاریی خەڵکەوە بێت، بەڵام لاپەنی بەرامبەر چەند بە وردی بەرنامەو بەڵێنو بگرە سەودای دەنـگ بکاتو گەیشتووەتە جێیەک کە بـاوەڕی پێناکرێت، هەر ئەمەش بەرەو ئەو ڕێگایەی بردووە کە یان شانازی بە ڕۆژانی پێشووی زێڕینی زیاتر لە بیست ساڵی خۆیەوە بکات، یان تۆمەتو قسەی نابەجێ بگرێتە بەرامبەر، لە دواییشدا بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ دوا ساتەکانی ڕۆژی هەڵبژاردنو ئەنجامەکانیدا بکات.

چیدی بیرۆکەی (گۆڕان) دیاردەیەکی نهێنی سڕبوو نییە، یان نابێتە وشەیەکی بەرەکانی کێبڕکێ بۆ گەپشتن بە دەسەڵات لە نێوان کۆنەپارێزو لیبرالەکان، یان گەمەیەک بێت، سیاسەتبازان تەنیا لە هەڵمەتەکانی هـەڵـبـژاردنـدا بە یەکدی بفرۆشنەوە. تیۆری جیهانگیریی کە ساموئێل هینگتۆن دەیبینیو دواتـر فرانسیس فۆکۆیاما بە بیرۆکەی (سەرمایەداریی کۆمەڵایەتی) یان (گۆرینەوەی کۆمەڵایەتی) کۆتاییهێنا، دەیان بیردۆز وەک بیرۆکەی سەرمایەداریی هاوچەرخ لێیاندەڕوانی، بەتایبەت ئەو دەمـــەی کـــە کۆمپانیا گەردوونییەکان هەڵکشانو دەوڵەتی نەتەوەیی لە بەردەم (ئایدۆلۆژیای بازار)دا کشایەوە، ئەوەش بە پاڵپشتی ئەو تەکنەلۆژیا هاوچەرخەی کە دنیای بەرەو سەدان جەنگی ئابووری برد، لە ناویاندا جەنگی عێراقو قەیرانی ئابووریی ئێستای جیهانیو هەڕەشە لە ئاشتیو ئارامیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی جیهان.

تیۆری (سەرمایەی کۆمەڵایەتی) یان بیرۆکەی تیۆرییە ئابووریەکان کە بەرەو بیرۆکەی سیستمی (گەردوون)یمان دەبات‌و گەورەبوونی دیاردەی هاوپەیمانێتی ئێستای هێزە پاوانکارەکانو حکومەت کە دەسەڵاتی ئێستای کـوردی نوێنەرایەتی دەکـات، ئەسپی تەروادە دەبێت ئەگەر خەڵک لیستی (گۆڕان) نەکاتە ئەلتەرناتیڤی راستەقینە بۆ چارەسەری قەیرانەکانی خۆی، لەکاتێکدا تائێستا خەڵک لەسەر لێوارێ دروشمەکان وەستاوەو بە ئەرکی سەرشانی خۆیانی نازانن، کە یان دەنگدانە بەو بارەی چەند ساڵە تێیدا دەژین یان بێدەنگبوون واتە دیسانەوە دەنگدانە بە باری ئێستایان، یان خەباتکردنە بۆ (گـــۆڕان) بە دەنگدانو بە دیهێنانیەتی لە هەڵبژاردنەکانی ئایندەدا.

ئەمڕۆ گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە یەکێک لە سیما دیارەکانی هەموو جیهان، هەر لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەمریکای لاتین تا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دیـارە پێشتر لە خـۆرئـاوای ئاسیاو ئەمریکای لاتینیو جێگاکانی دیکە بە ڕاپەڕینی دیموکراسییانەی جدیی ئەو وڵاتانە خۆیان گۆڕی.

دەبـێـت ئـەوەشـمـان لەیادبێت کە بەردەوامبوون لە ناڕوونی سەرفکردنی ملیارەها دۆلارو لادانی مانگانەی دەیان ملیۆن دۆلار بۆ بودجەی تایبەتی چەند حیزبێک، پاوانکردنی بـازاڕ لەلایەن کۆمپانیاکانی حیزبو بەرپرسانییەوە، لەگەڵ چەندین ڕاپۆرتی دارایی نهێنی کە نەگەیشتووەتە ڕای گشتیی، لە هەمانکاتدا جاردانی جەنگو دروستکردنی قەیرانی یەک لە دوا یەکی سەرەڕۆییانەی چەند کەسێکو ئەگەری تێوەگلانی هەرێمی کوردستان بە شەڕی ناوخۆیی عێراق لەپێناو شاردنەوەی ڕاستییەکانو دانی بیانوو بۆ پێشێلکردنی زیاتری مافە مـەدەنـیو مرۆییەکان. هەموو ئەمانە هێز دەداتـە دەســـەڵاتو تەنیا ئەگەری سەرکەوتنی دەداتـێ لە کاڵکردنەوەی ماناکانی (گۆڕان).

بۆیە ئـەو دەمـــەی لیستی (گـــۆڕان) بەرنامەی سیاسیی خۆی بە ڕوونیو بە دیاریکراوی قەیرانەکانی سیستمی سیاسی کوردی دەسنیشاندەکاتو دان بە ترسناکی ئـەو ڕێـگـەیـەدا دەنـێـت کـە دەســـەڵاتـی کوردی چەند ساڵە گرتووپەتی، لانیکەم لە ڕوی ئایدۆلۆژییەوە هێڵەگشتییەکانی ڕووبـــەڕووبـــوونـــەوەی ئـەو قەیرانانە پێشکەشدەکاتو خۆزانینی بە بەشێک لەو دیـــاردە کۆمەڵایەتییەی کە دنیای گرتووەتەوە لە بەرەو (گـــۆڕان)، ئەنجام دەبێتە شیکردنەوەی مانای (گۆڕان)و دواتر کار بۆ بەدیهێنانو ئەوسا جێبەجێکردنی بەرنامە ریفۆرمییەکان.

گرنگە بەر لە کۆتایی ئاماژە بدەین بەو پێشوازییە بەر فراوانەی لە لیستی گۆڕان کراوە لەلایەن تویژو چینە جیاکانی سەرجەم ناوچەکانی کوردستانو ئەو دەنگە زۆرەی بەدەستیهێنا لە بەزاندنی سنوورە باوو دروستکراوەکان لە ناو هەرێمی کوردستان، وەک سەرەتای دەرکەوتنی بزووتنەوەی (گۆڕان)، لەوەی کە ئەمە پـرۆژەی دەستە یان کۆمەڵێک نییە، بەڵکو پـرۆژەی جەماوەرە. خەڵک گەیشتووەتە ئەوەی کە چیدی بەم جۆرەی ئێستا ناتوانێت بژی، ململانێ لەنێوان دۆخی ئێستای ناڕەبارو هیوا بە ئایندەیەکی ئـاســـوودە. ململانێ لـەنـێـوان هێزی دەسەڵاتدار بە هەموو دەسەڵاتە ماددیو قانوونیو سەربازیی بە پشتیوانی هەندێک دەوڵەتیشەوە، لە بەرامبەر هێزێک کە تەنیاو تەنیا پشتی بە خەڵکو جەماوەری کوردستان بەستووە، بۆیە دەکرێت لیستی (گۆڕان) زۆرتر بە بزووتنەوەیەک بناسرێتەوە تا ئەوەی هەوڵێکی کاتی بێت بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن.

هەنگاوی یەکەم دەنگو پانتاییەکی سەنگینی ناو پەرلەمانی کوردستان بوو، هەنگاوی دووەم پێویستە چیدی خەڵک بێ دوودڵیو بە گوڕو تینی زیاترەوە خۆیان ساز بدەن بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، ڕکابەرەکانی (گۆڕان)یش پێویستە چیدی، (گۆڕان) وەک حەقیقەت سەیر بکەن نەک کێشە.

ئۆپۆزسیۆن.... قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسیماندا



سیروان ژاژڵەیی

ئەگەر بە عەقڵو لۆژیکو پێودانگی زانستە سیاسییەکان دۆخی (١٨)ساڵی ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان هەڵسەنگێنرێتو شرۆڤەکاریی بۆ بکرێت دەبینین سەرەڕای تێپەڕاندنی چەند قۆناغێکی، بەڵام تا بڵێی قۆناغەکان دژواریی زۆرو ئاڵۆزی سیاسی بەخۆوە بینیوە.

هەڵبەتە بەرپرسیارێتی ئەو دۆخەش بـەپـلـەی یـەکـەم لەئەستۆی خـودی یەکێتیو‌پارتیدا بووە.

کەسمان ناتوانین نکوڵی لەوە بکەین کە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢)ی کوردستان دەستپێکی سەرەتایەکی چارەنوسسازو گرنگی خەڵکی کوردستان بـووە، بـەڵام راستییەکی تاڵیش هەیە دەبێت بزانینو بیڵێین ئەویش نەبوونی عەقڵییەتی بەرێوەبردنو دامـەزراوەی فـەرمـانـڕەوایـیو پـاوانـخـوازی خێڵو حیزبیی، نەتوانراوە وێنایەکی جوان لەژیانی سیاسیی کـورد بۆخۆمانو دۆستەکانمان نیشانبدەین.

بـەبـڕوای زۆرێـــک لە چاودێرانی سـیـاسـیو ڕووناکـبـیـران نەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی کـاراو بەهێز یەکێک لەخاڵە لاوازەکـانـی ژیانی سیاسیو فاکتێکی لاوازی سیستمی حوکمڕانی هەرێمی کوردستان بووە، هەر ئەمەش وایکردووە سیاسەتکردن بۆ جوغزێکی بچووکی حیزبی کورتبکرێتەوەو مانا ڕاستەقینەکەی سیاسەت ونبکرێتو بـەشـێـوەیـەک دیـــاردەی گەندەلییو نارەزایەتی سیاسیو داراییو بەهەدەردانی سەروەتو سامانی نەتەوەییو پێشلکاریی یاساو مافەکانی مرۆڤ لایەنێکی ناشیرین بێت لەستراکتوری سیاسیی کوردیدا، بێبەهایی دەسەڵات ڕۆبچێتە نێو سەرجەم کایەو ئاستەکانی ژیانی هەرێمەکەمانەوە، بـەجـۆرێـک سـاڵ بـەسـاڵ تـووڕەیـیو بێزاریی خەڵکی لەبەرامبەر دووحیزبی دەستەڵاتدارا تەشەنەبکات.

گـرنـگـیو بـایـەخـی هـەڵـبـژاردنـی (٧/٢٥)ی ئەمساڵی کوردستان هیچی وای لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢)کەمتر نەبوو، چونکە لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە تەقینەوەی پەنگخواردووی ئـازارو نارەزایەتییەکانی (١٨)ساڵی چـیـنـوتـوێـژەکـانـی کـوردسـتـان بوو لـەبـەرامـبـەر نـاشـیـاوتـریـن جـۆری فەرمانڕەوایی کوردیی، بەشێوەیەک کە بینیمان لیستێک کە تەمەنی تەنیا (٢)مانگە چۆن پایەی دەسەڵاتی لەق کرد.

دەرئەنجامی هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان ئەوەمان پێدەڵێت، چیدی ئێمەی خەڵکی کوردستان (OK) بۆ ئەو واقیعە چەقبەستووەی هەرێم ناکەین، لەلایەکی دیکەوە ئاماژەیەکیشە بۆ هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو هەموولایەک کە سەردەمی بەیعەت نوێکردنەوە بەسەرچووە، بۆیە هاوڵاتیان بێدەنگییان شکاندو بەئیرادەوە وتیان نا بۆ پاوانخوازیو گەندەلییو دزینی داهاتی میللەت، بەڵێ بۆ گۆڕان، بەڵێ بۆ دیموکراسییەتو شەفافییەتو دادوەریـــی کۆمەڵایەتیو پاراستنی ئازادییەکانمان .

ئەرکو ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بۆ ماوەی چوارساڵی داهاتوو چییە؟

چۆن دەسەڵاتی سیاسی وەزیفەی دیـاریـکـراوی خـۆی هـەیـە، بێگومان ئۆپۆزسیۆنیش ئەرکو مەهامی گرنگی لەسەر شانەو دەبێت ئەجێندەو بەرنامەی سیاسیی هەمەلایەنەی هەبێتو خاوەن سیاسەتو گوتارێکی ڕوونبێتو ببێتە هێزگەلێک نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی دەنگە ناڕازییەکانی خەڵکی بەشخوڕاو بکاتو بـەردەوام پەیوەندیو ڕایەڵێکی بەهێز لەنێوان جەماوەرو هێزی ئۆپۆزسیۆندا هەبێت، بۆ گەیاندنی داخوازییەکانیان لە نێو هۆڵی پەرلەمانو حکومەتو هەمیشە پێداگیری لەسەر پرسە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی بکات، سـازش لەسەر هیچ بابەتو داوایەکی ڕەوای میللەت نەکات، بەچەشنێک هۆڵی پەرلەمان بکاتە مەیدانی مشتومڕو گفتوگۆی گەرمو نێوەندی داکۆکیکاری بەرژەوەندییە باڵاکانی کوردستان. بەجۆرێک دەسەڵات دەرفەتی ئەوەی نەبێت لەبری هەموو گەل بڕیار لە چارەنووسمان بدات، هەست بکات هێزو لایەنی دیکەی جەماوەری هەن نوێنەری خەڵکنو ماوە بەدەسەڵات نادات بەئارەزووی خۆی ئیرادەمان بخاتە ژێر ڕەحمەتی خۆیەوە، سەپاندنی بڕیارو ئەجێندای دەسەڵاتیان پێ قبوڵ ناکرێت، یاخود لانیکەم سنووریک بۆ بەزاندنی دەسەڵاتەکانیان دابنێت.

ئەرکی سـەرەکـی ئـەو لیستانەیە کە بەشداری حکومەت ناکەنو وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێنەوە، بێ سازشکاریی لە ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکان ئۆپۆزسیۆنێکی کارابن لەپێناو حکومەتێکی خزمەتگوزارو دیموکراسیداو گەڕانەوەی ئینتیما بۆ نیشتمانو هاوڵاتیبوونو سـەروەریـی یـاسـاو بەرپرسیارێتی دەسەڵات لەبەرامبەر هەرپێشلکارییەک بەجۆرێک هەموومان هەستبکەین بەبێ جیاوازی لەم وڵاتەدا خاوەن مافین.

لە دوا وتـەمـدا دەخـوازیـن ڕۆڵو نەخشی ئۆپۆزسیۆن لە چـوار ساڵی داهـاتـوودا دیاربێتو ببێتە جێگەی ئەوپەڕی متمانەی خەڵکی کوردستانو قۆناغێکی نوێ لەژیانی سیاسیماندا بێنێتەکایەوە، کە دڵخوازی هەموومان بێت.

serwanserwano@yaoo.com

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ١٢ – R٥
پرۆژە: لێدانی بیری قوڵ بۆ گوندەکانی (گەرمکان + بەردەشان + سۆفیان + هەنجیرە) لە ناحیەی بنگرد (دووبارە).
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
*دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.
عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٨٧ – R٣
پرۆژە: دروست کردنی بینای چالاکیە مەدەنیەکان لە دەربەندیخان.
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
*دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.
عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٦ – R١
پرۆژە: نۆژەنکردنەوەو دروستکردنی سێ ژوور بۆ مەخزەنەکانی هوانە لە سلێمانی.
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
*دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.
عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٩٠ – R٤
پرۆژە: دروستکردنی دیوارو موحاجرە بۆ بازاڕی زەرایەن + دامەزراندنی تۆری کارەبا زۆنی ١ شارەزوور.
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٧ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
*دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٩/١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٩٠٠٠٠٠٠٠) نۆ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.
عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٤٧ – R٣
پرۆژە: دروستکردنی تانکی ئاو (٣٠٠ م٣) لە ناحیەی رزگاری.
*پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕی و خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
*وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
*دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
*ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣٠ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەڕێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٤٠٠٠٠٠٠٠) چوار ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.
عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستەی نووسەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی و ریکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ - ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

ت	الرقم التسلسلي للدكاوي	المحافظة	رقم مرقل الاختراع	رقم المحطة	نوع التصويت
164	404669	اربيل	220005		عام
165	404665	اربيل	203026	3	عام
166	404666	اربيل	201016	5	عام
167	404659	اربيل	221004		عام
168	404663	اربيل	205001	3	عام
169	404654	اربيل	215014	5	عام
170	403000	اربيل	203006	1	عام
171	408816	اربيل	207027		عام
172	404675	اربيل		1	عام
173	405341	اربيل			عام
174	405342	اربيل			عام
175	410091	اربيل			عام
176	412536	اربيل			عام
177	411785	اربيل			عام
178	411783	اربيل			عام
179	411782	اربيل			عام
180	411781	اربيل			عام
181	406184	اربيل			عام
182	408815	اربيل	208001	1	عام
183	402995	اربيل	203023	6	عام
184	402997	اربيل	203202	4	عام
185	402998	اربيل	207022	1	عام
186	402992	اربيل	201015	1	عام
187	402990	اربيل	207029	2	عام
188	402989	اربيل	226012	2	عام
189	402988	اربيل	208005	كتلة المحطات	عام
190	402982	اربيل	202019	1+2+3+4	عام
191	402975	اربيل	209018	1	عام
192	404656	اربيل	221008	4	عام
193	404667	اربيل	203013	2	عام
194	404670	اربيل	214007	2	عام
195	404674	اربيل	226013	1	عام
196	404678	اربيل	214010	4	عام
197	408814	اربيل	220010	4	عام
198	408819	اربيل	203006	5	عام
199	408818	اربيل	208010	4	عام
200	408828	اربيل	208013		عام
201	408832	اربيل	201017	كتلة المحطات	عام
202	408827	اربيل	201017	3	عام
203	409570	اربيل	208010	2+3+4+5	عام
204	409572	اربيل	207022	2	عام
205	409583	اربيل	211009	1	عام
206	408830	اربيل	203006	1	عام
207	404652	اربيل	215011	1	عام

هەرێمی کوردستان /عیراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرای هەلەبجە

ژمارە /٤٩٢ /ب /٢٠٠٩
بەروار /٢٠٠٩/٨/١١

ئاگانامە

داوالێکراوی شوێن نادیار / شوکت حمە احمد
داواکار : شەمال حمە لاو صالح

داوایەکی بەو ژمارەی سەرەوە لەم دادگایە تۆمارکردووە داوای بری (٣٩٦٠٠٠) سێ سەدو نەوەدو شەش هەزار دینارت لێدەکات جا لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بەگوێرەی ئەشعاری موختاری هەلەبجە دادگابڕیاری دا لەرێگەی دوروژنامەی ناوخۆی رۆژانەوەئاگادارت بکاتەوە بەئامادەبونت لە بەرواری ٢٠٠٩/٩/٢٨ لەدادگاکەمان بەخوت یان لەرێی بریکارێکەوە بە پێچەوانەوە ئامادەنەبیت ئەوا دادگا داواکە دەبینیت بە نائامادەیی و بەگوێرەی یاسا.

دادوەر
قادر محمد نوری

دادگای بەرایی سلێمانی /٤

ژمارە/ ١٩٧١/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/١٢

ئاگاداری

داواکار/ صلاح مصطفى عبدالله
بۆ داوا لەسەرکراو/ دلشاد صالح معروف

داواکار داوای ژمارە ١٩٧١/ب/٢٠٠٩ی تۆمارکردووە لەم دادگا بەوەی کە ئوتومبێلی ژمارە ٤٨٢٦/ دیالی جۆری تویوتا پیک اپ تاک مودیلی ٢٠٠١ رەنگی سپیت لە داواکار کڕیووە بە بڕی ١٢٠٠٠ دوانزە هەزار دۆلاری امریکی کە لەوکاتەداو لە بەرواری ٢٠٠٩/٣/٩ بەهای ١٠٠ سەد دۆلاری امریکی ١١٨٠٠٠ سەدو هەژدە هەزار دیناری عێراقی بوو و کۆی نرخی ئوتومبێلی ئاماژە بۆکراو بڕیتی بووە لە (١٤١٦٠٠٠٠) چواردە ملیۆن و سەدو شەست هەزار دیناری عێراقی وە ئوتومبیلەکەت لە داواکار وەرگرتووەو بەڵێنت پێ داوە کە ئامادەیت ئوتومبیلەکە بکەیت بە ناوی خۆتەوە، بەڵام وێرای داواکردن بۆ هەڵنەساوین بەوکارەو هیچ بڕە پارەکت نەداوەتێ بۆیە داواکارە لە دادگا بانگهێشت بکریچیت بۆ دادبینی و بڕیار بدرێت بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی کڕین و فرۆشتنەکەو گەڕاندنەوەی ئوتومبیلی ئاماژە پێ کراو بۆ داواکار لەگەڵ لەئەستۆ گرتنی مەسرەفی داوا لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت لەکاتی ئێستادا نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی جیاوازەوە بۆ ئامادەبوونت لە دادگاکەمان لە بەرواری ٢٠٠٩/٩/١٦ کاتژمێر ٩ وەیان بریکار بنێرە بە پێچەوانەوە بە نائامادەیی دادبینی دەکرێیت بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
سالار رئوف محمود

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری شارستانی هەولێر

رڤليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف منطقة اربيل
محكمة احوال مدنية اربيل
ژمارە/ ٢٠٠٩/٥١٢
رێکەوت/ ٢٠٠٩/٨/١٢

ب/ ئاگاداری

داواکار (رشاد احمد عیمان) داوای ژمارە (٢٠٠٩/٥١٢) دژی داوالێکراو بەڕێوەبەری شارستانی هەولێر سەرباری فەرمانبەڕێتی تۆماری کردووە، داوا دەکات ناوی (کچەکەی) لە (شادان) بگۆڕێت بۆ (سۆزان)، بۆیە بڕیاردرا داواکاریەکەی لە رۆژنامەیەکی رۆژانە بڵاوبکرێتەوە، جا هەرکەسێ ناڕازییە با لە ماوەی (١٠) رۆژ سەردانی دادگا بکات، بە پێچەوانەوە دادبینی وەک پێویست ئەنجام دەدرێت.

دادوەر
خلیل ابراهیم صالحی

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر
دادگای باری شارستانی هەولێر

إقليم كوردستان/ العراق
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف منطقة اربيل
محكمة احوال مدنية اربيل
ژمارە/ ٢٠٠٩/٥١١
رێکەوت/ ٢٠٠٩/٨/١٢

ب/ ئاگاداری

داواکار (رشاد احمد عثمان) داوای ژمارە (٢٠٠٩/٥١١) دژی داوالێکراو بەڕێوەبەری شارستانی هەولێر سەرباری فەرمانبەڕێتی تۆماری کردووە، داوا دەکات ناوی (کچەکەی) لە (پەیمان) بگۆڕێت بۆ (پەیام)، بۆیە بڕیاردرا داواکاریەکەی لە رۆژنامەیەکی رۆژانە بڵاوبکرێتەوە، جا هەرکەسێ ناڕازییە با لە ماوەی (١٠) رۆژ سەردانی دادگا بکات، بە پێچەوانەوە دادبینی وەک پێویست ئەنجام دەدرێت.

دادوەر
خلیل ابراهیم صالحی

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی /بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٨٥ – R٤

پرۆژە: دروست کردنی بینای چالاکیە مەدەنیەکان لە سیدسادق.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگیری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ -بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨-ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگیری خۆجێیەتی /بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
بانگەوازی ئاشکرا ٦٨٦ – R٢

پرۆژە: دروست کردنی بینای چالاکیە مەدەنیەکان لە چەمچەماڵ.
* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (١) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٨/١٦ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٨/٢٠ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دواڕۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگیری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٨/٣١ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.
مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٤) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤ -بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥٠٠٠٠٠٠٠) پەنجا ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦-ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆسالی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨-ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.
١٢- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیاکان نرخی یەکەی دەرخستەکە جگە لە ژمارە بە نووسینیش بنووسێت وە بە پێچەوانەوە تەندەرەکەی ناکرێتەوە.

عمر احمد امین
پارێزگاری سلێمانی بە وەکالەت

هەرێمی کوردستان/ عێراق
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥
اقلیم کردستان العراق

مجلس القضاء
محكمه بداوه السليمانيه/ ٥
ژمارە/ ٩٥٥/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/١١

ئاگاداری

بۆ/ داوا لەسەرکراوی شوێن نادیار محمدرضا جلیل یوسفی
داواکار علی حسن عزیز بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای ئاراسان بۆ بازرگانی گشتی سنوردار سەرەرای کارەکەی دەعوایەکی بە ژمارە ٩٥٥/ب/٢٠٠٩ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان، داوای پوچەڵ کردنەوەی بەڵگەنامەی کەفالە ژمارە (١١٠٠٨٦) لە ٢٠٠٦/١١/٥ پەسەندکراو لە دادنووسی سلێمانی/ ١، بە مەبەستی لابردنی نیشانەی مامەلە نەکردن لەسەر مولکی ١١٤/٤١ کەرتی (٢٠) بادەمردە، لەبەر ئەوەی رێکەوتنامەی هاوردنی تەباخی روزگاز لەنێوان هەردوولاتان ئەنجام نەدراوەو سەری نەگرت.
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە، وەک لە پسولەی ئاگادارکردنەوەدا هاتووە کە لەلایەن پێراگەیەنەری قەزایی وە ئیمزا کراوە، لەلایەن مختاری گەرەک ئیمزاو مۆر کراوە، بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆوە، کە رۆژی ٢٠٠٩/٩/١٥ کاتژمێر (٩/٣٠) لە دادگاکەمان ئامادەبیت، خۆتان یا بریکاری یاسایتان، بە پێچەوانەوە دادگا دادبینی نائامادەیی ئەنجام دەدات.

دادوەر
عبدالله اسماعیل امین

ئەنجومەنی دادوەری

ژمارە/ ١٠٥٩/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٨/١١

ئاگاداری

داواکاران/ ١ ـ جمیل سیف الدین سعید
٢ ـ لەژگین = = =
٣ ـ نادیە = = =
٤ ـ یشری = = =

بۆ داوالەسەر کراو/ گوڵزار سیف الدین سعید
دادگای بەرایی سلێمانی/ لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٢٢ بڕیارێکی دەرکردووە بە نەهێشتنی هاوبەشەکان (ازالە شیوع) بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەشکردن نەبوو وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنتان نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی ناڕەزایی و پێداچوونەوە بگریت لەم بڕیارە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم
خدر حسن محمد



یەکێتی چۆن بەخۆداچوونەوە دەکات؟!

فرمان عەبدولڕەحمان

نزیکەی (٨) مانگ لەمەوبەرو دروست لە (٢٠٠٨/١٢/١٧)دا سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ژمارەیەک لە هێزەکانی پێشمەرگە، پرۆژەیەکی چاکسازیی بۆ نوێکردنەوەی یەکێتی ڕاگەیاندو لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٤٧٤٩) تاڵەبانی وتی: «بە نیازم پرۆژەیەک بخەمەڕوو بۆ جیاکردنەوەی حیزب لە کاروبارەکانی حکومەت بۆئەوەی حکومەتو ئەزموونەکەمان لە هەموو ڕووەکانەوە لەگەڵ گیانی ئەم سەردەمەدا بگونجێتو دوانەکەوێت».

هەروابوو دواتر میدیاکانی یەکێتی زۆر بە بایەخەوە پرۆژەکەی تاڵەبانییان بڵاوکردەوە، بەڵام دوای تێپەڕینی نزیکەی (٨) مانگ بەسەر ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژەیەدا، یەکێتی بە شاهیدی هەموو لایەک نەخۆشترو سیماشی هەڵبزرکاوتر دێتەپێشچاو، بێئەوەی ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژەیە هیچ کاریگەریی لەسەر ئەداو پێکهاتەو سەنگی یەکێتی هەبووبێت.

من دڵنیا نیم ئایا ئەو پرۆژەیەی تاڵەبانی تەنیا بۆ کپکردنەوەی نیگەرانیو ناڕەزایی جەماوەرو کادیرانی یەکێتی بووە یان بە فیعلی هەوڵداوە بۆ جێبەجێکردنی، بەڵام دڵنیام لەماوەی ڕابردوودا هەموشتێک کرابێت، جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت نەکراوەو ئەو ڤایرۆسە زیاتر لە پێنەکانی جەستەی یەکێتیو دنیابینییەکەیدا خۆی قایم کردووە.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمووزو دۆڕانی یەکێتی لەنێو «قەڵاکەی خۆیدا»و سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە هەرێمی سەوز، سەرکردایەتی یەکێتی تووشی شۆک کردووەو هەنوکە گوتاری بەخۆداچوونەوەو چاکسازیو پاکسازیی لە هەمووکات زیاتر لەنێو ئەو سەرکردایەتییەدا ڕەواجی هەیە، پرسیار ئەوەیە، ئایا یەکێتی بە ڕاست دەیەوێت بەخۆیدا بچێتەوە؟

وەڵامە سادەکە ئەوەیەو بەرپرسە باڵاکانی یەکێتیش جەختی لێدەکەنەوە، کە ئەو حیزبە بەخۆیدا دەچێتەوە، بەڵام کام بەخۆدا چوونەوە؟

ئەو بەخۆداچوونەوەیەی سکرتێری گشتیی یەکێتی (٨) مانگ لەمەوبەر لە ڕێگەی پرۆژەی جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت ڕایگەیاند نەک جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو بە سەدوهەشتا پلە پێچەوانەی ئەو پرۆژەیە لە ئاستەکانی خوارەوەدا کاری لەسەر کراوە، هەر ئەوەش جەماوەری ئەم دەڤەرەی تووڕەتر کرد لە یەکێتی، ئێستا کە یەکێتی لە ژێر شۆکی دۆڕانەکەیدا نەهاتووەتەوە سەرخۆی، بەردەوام لە گوتارێکی پەرچەکردارئامێزدا دەژی، کە لە هەموو بارەکاندا لەبری بە فیعلیی بەخۆداچوونەوە کار بە گوتاری تۆڵەسەندنەوە دەکات.

هەموو لایەک ئاگاداری ئەو پرۆسە پلان بۆدارێژراوەیە کە چۆن تەسفییەی ئابووریو نابڕینی ئەو کارمەندانەی هێزەکانی ناوخۆو پێشمەرگە دەکرێت، کە دەنگیان بە لیستی کوردستانی نەداوە، ئایا ئەمەیە بە خۆداچوونەوە؟ ئەمەیە جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت دوای (٨) مانگ لە پرۆژەکەی تاڵەبانی؟ چما هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشو پێشمەرگە دەزگای حیزبین یان حکومین؟ مولکی میللەتن یان حیزب؟ تاوەکو خاڵیی بکەیتەوە لە کەسانی بیروڕا جیاوازا!.

هاوکات هەوڵدان بۆ ناشرینکردنی سەرکردەو هاوپشتیوانانی لیستی گۆڕان بە تۆمەتو قسەی بریندارکەرو بێبنەما بە خۆداچوونەوە نییە، بەڵکو تۆڵەکردنەوەیە لە ڕەوتێک کە ویستو ئیرادەی سەدان هەزار هاوڵاتی ئەم هەرێمە بەرجەستەی کردووە.

بەخۆداچوونەوە بە دەرکردنی گۆڤاری ساختەو لێوانلێو لە نەفەسەکانی شەڕی ناوخۆ نابێت، ئەوە بە خۆداچوونەوە نییە هەزاران منداڵو خێزان لە ڕێگەی دەرکردنی باوکو براکانیانەوە بێنان بکەیت، ئەوە چ بە خۆداچوونەوەیەکە بە شوێن ئەوانەدا بگەڕێیت کە دەنگیان پێنەداویتو تۆڵەیان لێبکەیتەوە، لەبری ئەوەی بپرسیت بۆ دەنگیان پێنەداوم؟.

چ بە خۆداچوونەوەیەکە بۆئەوەی شکستی خۆت داببۆشی، ڕێ بە ژمارەیەک نووسەری بەرژەوەندیخواز بدەی لەبەر خۆشیرینکردن لای بەرپرسی ئیعلامەکەی هەموو شتێک بنووسێتو کارو ئەتەکێتی نووسین نەبێت، ئەگەر یەکێتی دەیەوێت بە ڕاستی بەخۆیدا بچێتەوە، دەبێت سنووردار بۆ ئەو بەرپرسانەی دابنێت کە هەموو ڕاستییەک بە ئاوەژوو پێشکەشی سەرەوەی خۆی دەکاتو ئامادەیە لەبەر بەرژەوەندیو دەستکەوتێکی مادیی هەموو کارێکی سوریالی ئەنجامبدات، بێئەوەی خۆی بە بەرپرسیار بزانێت.

میدیای یەکێتی چەندی دیکە خۆی سەرقاڵ بکات بە هەوڵی ناشرینکردنی بزووتنەوەی جەماوەریی گۆڕانەوە، ئاسنی سارد دەکوتێتو بەردەوام دەبێت لەسەر شکستەکانی، هەربۆیە بە بڕوای من هەنگاوی سەرەتایی بەخۆداچوونەوەی یەکێتی ئەوەیە ئیعلامەکەی لەو هیستریایە ڕزگاربکات کە تێیکەوتووەو واقیعیانە مامەڵە لەگەڵ نەخشەی گۆڕاوی سیاسی هەرێمدا بکات، ئاشکراشە کە نانبڕینو تۆخکردنەوەی سنووردارەکانی حیزبو حکومەت لانیکەم لە دەڤەرەکەی ژێر دەستی یەکێتیدا هەموشتێک بێت، بەخۆداچوونەوە نییە.







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩